# دۆزی پاشکۆیەتی ناوچەکانی زەهاو و سلێمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە وتووێژ و بڕیارەکانی دووەم کۆنگرەی ئەرزەڕۆم-دا (١٨٤٣- ١٨٤٧ز)

م. خالد محمود كريم
زانکۆی گەرمیان
کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەت

**کورتەی توێژینەوە:**

لە پاش دەرکەوتنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، لە سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم بەدواوە، ناوچە و عەشیرەتە زۆرو زەوەندەکانی کوردستان، کە کەوتبوونە نێوان ئەم دوو دەوڵەتە زلهێزو ناکۆکە، وێڕای ئەوەی بوون بەهۆکارێك بۆ کێشەو ناکۆکییە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە، لە هەمان کاتدا خاڵە سەرەکییەکانی تێکڕای پەیماننامەکانی ئاشتی نێوانیانی پێکهێناوە. لەم سونگەوە بەشی زۆری وتووێژەکانی ڕێکەوتن، کە لەنێوانیاندا ئەنجامدراون تەرخانکرابوو بۆ چۆنییەتی دابڕین و بەپاشکۆکردنی ناوچەو عەشیرەتە جیاجیاکانی کوردستان. لەوانە بەتایبەت وتووێژەکانی پەیماننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم لە ساڵی(١٨٤٧ز).

ئەم توێژینەوەیەی لە بەردەستدایە تیشکی خستۆتەسەر تاوتوێکردنی دۆزی پاشکۆیەتی ناوچەکانی زەهاوو سلێمانی و هەندێ لە عەشیرەتە کوردەکان لەنێو وتووێژەکانی پەیماننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم، کە لەنێوان ساڵانی (١٨٤٣-١٨٤٧ز)دا، بەنێوەندکاری هەردوو ئیمپراتۆریای بەریتانی و ڕووسیی بەڕێوەچووە و تیایدا بەدرێژی و گەرم و گوڕی سازش و گفتوگۆ لەبارەی (مافی پاشکۆیەتی) ناوچەو عەشیرەتە کوردەکان بۆ هەر یەك لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران کراوە. نوێنەرانی هەر یەك لەم دوو دەوڵەتە سەرسەختانە تێکۆشاون تا لە میانەی بڕوبیانوو بەڵگەی جۆراوجۆرەوە هەژموونی وڵاتەکەیان بەسەر ناوچەو عەشیرەتە سنوورییەکانی کوردستاندا جێگیربکەن، کە لە بنچینەدا مافی هیچ لایەکیانی بەسەرەوە نەبووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## پێشەکی

لە پاڵ کێشە نێوخۆیی و مەزهەبییەکانی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، دەستڕاگەیشتن بە شوێنە ستراتیجییەکانی کوردستان و دابڕین و بەپاشکۆکردنی عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنوور ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە لە ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا. جەنگی ساڵی (١٨٢١-١٨٢٢ز)، کە بە مۆرکردنی (پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم-١٨٢٣ز) کۆتاییهات، سەرباری ئەوەی هۆکارەکەی بریتیبوو لە هەوارگۆڕینی هەردوو عەشیرەتی کۆچەری گەورەی کورد حەیدەرانلۆ و سپیکانلۆ، نەیتوانی چارەسەری بنەبڕ بۆ کێشەکانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت دابنێت، لەوانە کێشەی پاشکۆیەتی ناوچەکانی زەهاوو سلێمانی هەروەها کێشەی هەوارگۆڕینی ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتە کۆچەرییە کوردەکان، کە سنووری درووستکراوی نێوان هەردوو دەوڵەتیان بەسنورێکی دەستکرد دەزانی.

وەك پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم بڕیاری لەسەر دابوو: ئێران پابەند نەبوو بە دەرچوون لە ناوچەی زەهاو، لە دەستێوەردانەکانی ناوچەی سلێمانی-ش بەردەوامبوو، کە عوسمانییەکان بە ناوچەی هەژموونی خۆیان دەزانی، هەوارگۆڕینی عەشیرەتەکانیش لەسەر سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت تا دەهات گەرموگوڕترو پڕکێشەتر دەبوو. بەردەوامبوونی گرژی و ناکۆکییەکان تا سەرەتای چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم، هەردوو دەوڵەتی گەیاندە لێواری جەنگێکی قورس، بەرایی ئەم جەنگە بەتوندی لەسەر سنوورەکان، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی دەستیپێکردبوو.

هەردوو دەوڵەتی بەریتانی و ڕووسی، کە لەو ڕۆژگارەدا بەتەواوی دەستیان خستبووە ناو زۆرێك لە کاروبارەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران، گوشاری زۆریان خستە سەریان تا لەڕێگەی وتووێژەوە کێشەکانیان چارەسەربکەن. ناچار بەداواکەیان قایلبوون و نوێنەرانی هەردوو لای ناکۆك بەچاودێری نوێنەرانی بەریتانیا و ڕووسیا لیژنەیەکی هاوبەشیان بۆ دانیشتن و لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی سنوور پێکهێنا. لیژنەکە شاری (ئەرزەڕۆم)ی کردە بارەگای دانوستان و وتووێژەکان، بەشداربووانی کۆنگرەکە دەستیاندایە کۆکردنەوەی سەرجەمی ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندییان بەکێشەکانی سنوورەوە هەیە، بانگهێشتی هەر کەسێکیشیان دەکرد سەبارەت بەو کێشانە یارمەتیان بدات و (مافی خاوەنداریێتی) یەکێك لەو دەوڵەتانە بەسەر خاك و عەشیرەتگەلێکدا (بسەلمێنێت)، کە لە بنچینەدا هیچ کام لەو دەوڵەتانە خاوەنی ڕاستەقینەی نەبوون.

وتووێژو دانیشتنەکانی ناو دووەم کۆنگرەی ئەرزەڕۆم، کە بریتییبوون لە هەژدە دانیشتن و لەنێوان (ئاداری ١٨٤٤ز تا ٣١ی ئایاری ١٨٤٧ز) ئەنجامدراون، بەشێکی زۆریان تەرخانکرابوون بۆ یەکلاکردنەوەی پاشکۆیەتی ناوچەو عەشیرەتە کوردەکان، شایستەی ئاوڕلێدانەوە و لێکۆڵینەوەیە. وتووێژەکان کە تیشکێکی زۆر دەخەنە سەر مێژووی ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمی کورد، ئەوە ئاشکرادەکەن چەندە خاکی کوردستان و عەشیرەتەکانی گیرۆدەی کێشمەکێش و ململانێ ناڕەواکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی دراوسێی بوون. هەروەها ئەوە دەخەنەڕوو ئەم دەڤەرە چەندە هۆکاری سەرەکی جۆشدان و پاڵنەری دووبەرەکییە ناڕەواکانی ئەم دەوڵەتانە بووە، کە لەمیانەی لەت لەتکردن و دابەشکردنی جوگرافیای ناوچەکەوە، بوونە هۆکاری بۆ چەندین نەهامەتی و گرفتی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، کە تا ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی باجەکەی دەدات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وتوویژو دانیشتنەکانی ئەم کۆنگرە، نزیکەی چوار ساڵی خایاند. بەشێکی لە شاری ئەرزەڕۆم، بەشەکەی تری لە ئەوروپا بەڕێوەچوو، بەگشتی گفتوگۆو دانیشتنەکان لە کەشێکی پڕ لە کرژی و ئاڵۆزی و شەڕ بەیەکتر فرۆشتندا بەڕێوەچوون. کاتێکیش نوێنەرانی هەر چوار دەوڵەتی بەشدار گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بەکاتێکی زۆرتر هەیە، تا بتوانن هێڵێکی جێگیرو ڕوون لەنێوان هەردوو لای ناکۆکدا بکێشن، بەجۆرێك لە ئایندەدا کێشەکان سەرهەڵنەدەنەوە، بڕیاریاندا لە پەیمانێکدا هەندێك لە کێشە سەرەکییەکانی نێوانیان چارەسەربکەن، کێشەکانی تر کە سروشتێکی هونەری وردیان هەیە بۆ لیژنەیەکی تەکنیکی جێبهێڵرێن. لەسەر ئەو بناغەیە ڕەشنووسی پەیماننامەیەك ئامادەکرا کە بەپەیماننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم ناسراوە، ڕەشنووسەکە خرایە بەردەم نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی تا لەبارەیەوە ڕای خۆیان بڵێن. لەکۆتاییدا پاش بگرەو بەردەو خۆپارێزییەکی زۆر بەچاودێری بەریتانیا و ڕووسیا لە٣١ی ئایاری (١٨٤٧ز.) مۆرکرا.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ تەوەر پێکهاتووە. تەوەری یەکەم تایبەتە بە ڕەگ و ڕیشەکانی کێشەی ناوچەی زەهاو و پێگەی جیۆستراتیجییەکەی لای هەردوو دەوڵەتی ناکۆك و بڕوبیانووەکانی بۆ سەلماندنی پاشکۆیەتییەکەی. لە تەوەری دووەمدا کێشەی ناوچەی سلێمانی و هەوڵەکانی هەر یەك لەو دوو دەوڵەتە بۆ دابڕین و لکاندنی ئەم هەرێمە بە دەوڵەتەکەیانەوە ڕوونکراوەتەوە. تەوەری سێیەمیش تاوتوێی کێشەی هەوارگۆڕینی ژمارەیەك زۆر لە عەشیرەتە کوردەکانی سنوور دەکات، تیایدا کێشەی ئەو عەشیرەتانەو هەوڵەکانی هەردوو دەوڵەتی ناکۆك بۆ وەبندەستخستنیان خراوەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم: دۆزی ناوچەی زەهاو

زەهاو ناوچەیەکی کۆن و مێژووییە، لە دامێنی چیای زاگرۆس، لەسەر ڕێگەی گەورەی نێوان بەغداو کرماشان.(١) لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە لق و پۆکانی کەڵهوڕ نیشتەجێی ئەم ناوچە بوون، سوهراب بەگی سەرۆکی ئەم هۆزە، لە شەڕەکانی دژ بە سەفەوییەکاندا پشتگیری سوڵتانی عوسمانی سولەیمانی قانوونی(١٥٢٠-١٥٦٦ز)(٢) کردووە، بەو هۆیەوە بەڕێوەبردنی زەهاوی وەکو پاداشت پێشکەشکردووە. بەڵام نەوەکانی لە قۆناغەکانی دواتردا، کە سەرۆکایەتی هۆزەکەیان کەوتە دەست، ئینتمایان گۆڕی و بوون بە دۆستی ئێران و لە قەڵای زنجیر(٣) نیشتەجێبوون، هەر هەڵێکیشیان دەستکەوتبێت پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیان داوە. کاتێکیش سوڵتان مورادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠ز)(٤) ئاشتینامەی زەهاوی لەگەڵ ئێرانی سەفەویدا بەست و بڕیاری وێرانکردنی قەڵاکانی سەر ئەم بەشەی سنوور دەرچوون، کەڵهوڕەکان ئەم هەرێمەیان لە دەستدا. بەرامبەر بەوە عوسمانییەکان ناوچەکەیان دا بە عەشیرەتی باجەلان، کە لایەنگری سوڵتان بوون.(٥) بەم چەشنە زەهاو لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەمەوە بوو بەسەنتەری دەسەڵاتی پاشاکانی باجەلان و لەوێوە تێکڕای گوندەکانی دەوروبەری، کە نزیکەی سێسەد گوند بووە ملکەچی دەسەڵاتی ئەوان بوون.(٦)

محەمەد عەلی میرزای کوری فتح عەلی(١٧٩٧-١٨٣٤ز) شای ئێران، لە ماوەی حوکمرانی باوکیدا لە نێوان ساڵانی(١٨٠٦- ١٨٢١ز) کراوەتە حاکمی کرماشان، لەو ماوەدا نەخشی بەرچاوی لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبووە،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە چوارچێوەی چاوتێبڕین و فراوانخوازییەکانیدا بۆ سەر ناوچە سنوورییەکان، دەستی بەسەر زەهاودا گرتووە.(٧) بەگوێرەی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕووم کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا لە ١٣ی ئابی (١٨٢٣ز.) مۆرکرا، دەبوو زەهاو و سەرجەمی ئەو شارو شارۆچکەو قەڵاو گوندە کوردییانەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، کە پێشتر لەلایەن ئێرانەوە دەستی بەسەرداگیرابوو، لە ماوەی دوو مانگدا بداتەوە بە دەوڵەتی عوسمانی.(٨)بەڵام دەوڵەتی ئێران ئەمەی نەکرد. هەر بۆیە کێشەی ناوچەی زەهاو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا بەچارەسەنەکراوی مایەوە، بە بەردەوامیش یەکێك بووە لە گلەیی و گازندەکانی عوسمانی، کە لە وڵاتی ئێرانی کردووە، بەوەی ناوچەیەکە سەر بەخاکی عوسمانیی و دەسەڵاتدارانی ئێران وێڕای دانانیان بەو مەسەلەیەدا نیازی چۆڵکردنیان نییە.(٩) لە پاش کۆنگرەی ئەرزەڕۆمی یەکەمەوە کاربەدەستانی عوسمانی بە مەبەستی گێڕانەوەی ناوچەی زەهاو، زیاد لە نێردەیەکی دیبلۆماتیان ڕەوانەی کۆشکی پاشایەتی قاجارەکانی ئێران کردووە، بەڵام بێسوودبووە. لەم سونگەوە ئەنوەر ئەفەندی نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە دانوستاندنەکانی گۆنگرەی دووەمی ئەرزەڕوومدا جەحتی لەسەر هەرچی زوو گێڕانەوەی ناوچەی زەهاو کردۆتەوە، بۆ سەلماندنی پاشکۆیەتی ناوچەکەش بۆ دەوڵەتی عوسمانی چەندین بەڵگەو دیکۆمێنتی لە دانیشتنەکاندا خستۆتەڕوو لەوانە:

-لە سەرجەمی پەیماننامەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، زەهاو بەشێك بووە لە ویلایەتی بەغدای عوسمانی، لەوانە پەیماننامەی زەهاوی ساڵی (١٦٣٩ز) و پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕووم، لە ساڵی (١٨٢٣ز).(١٠)

-بانگهێشتکردنی عوسمان پاشای سەرۆك عەشیرەتی باجەلان بۆ کۆنگرەکە، تا وەك دوا حاکمی زەهاو بە قازانجی عوسمانییەکان شاهیدی بدات. لیژنەی ناوبژیکەر چەند پرسارێکیان ئاراستەی عوسمان پاشا کرد، لە وڵامدا وێڕای جەختکردنەوە لەوەی زەهاو لە ناوەڕاستەکانی سەدەی هەژدەهەمەوە لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندایە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە فارسەکان لە ساڵی (١٨١١ز) لەو شارۆچکەیە دەریانکردووە، بەهۆی ناوەکەشییەوە (عوسمان)ە ڕقیان لێهەڵگرتووە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، زەهاو زیاد لە جارێك لە نێوان عوسمانییەکان و ئێراندا دەستاودەستی کردووە، لەو ماوەیەشدا کە بەدەست لایەنی ئێرانییەوە بووە دۆخێکی ناجێگیرو نائارامی هەبووە.(١١)

جێیی ئاماژەیە دەوڵەتی ئێران لە ساڵی (١٨١٦ز) (زەهاو)یان داوەتەوە دەستی عوسمانییەکان، گەشتەوەرە بیانییەکانیش، کە لەو ڕۆژگارەدا هاتوونەتە ناوچەکە ئەمە دەسەلمێنن، لەوانە جیمس بێکنگهام کە لە ساڵی (١٨١٦ز)دا هاتووەتە زەهاو، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە حوکمڕانی شارەکە فەتاح پاشای باجەلانەو بەناو سەر بە حکومەتی عوسمانییەو باج دەداتە والییەکانی بەغدا. ئەوەشی دووپاتکردۆتەوە کە: **"زەهاو لە بنچینەدا موڵکی هیچ کام لەو دوو دەوڵە نییەو زۆر جار سەربەخۆ بووە"**.(١٢) بەڵام کە محەمەد عەلی میرزا لە ساڵی (١٨٢٠ز) بۆ یەکجاری ناوچەی زەهاوی داگیرکردەوەو دوا پاشای باجەلانی دەرکرد، وەك لە ڕاپۆرتی ئەندامانی لیژنەی دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتدا دەردەکەوێت، ناوچەکەی بەخانەکانی عەشیرەتی گۆران سپاردووە.(١٣) بەرامبەر بە ساڵانەیەك کە بڕەکەی (١٠٠٠٠) تومەنی ئێرانی بووە، ئەمە بێجگە لە بەخشش و

دیاری. له بەرامبەریشدا چەکدارەکانیان هەمیشە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرش و هەڵمەتێکی عوسمانیی لەو سنوورانە لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون.(١٤)

بۆ زیاتر جەختکردنەوەش لە عوسمانیبوونی ناوچەکە، ئەنوەر ئەفەندی نوێنەری عوسمانی لە دانیشتنەکانی ئەرزەرۆمدا فەرمانێکی کارگێڕی سەبارەت بە زەهاو خستۆتەڕوو، کە سوڵتانی عوسمانی ئەحمەدی سێیەم(١٧٠٣-١٧٣٠) لە ساڵی (١٧١٠ز) دەریکردووە. بەگوێرەی ناوەڕۆکی فەرمانەکە لە قەسری شیرین و زەهاو و دەرەتەنگ(١٥)دا باجی عوسمانییەکان دابەشکراوە، بەرامبەر بڕە پارەیەکی دیاریکراو بەشێوەی ئیلتیزام بەخشراوە بەیەکێك لە ڕەعیەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی. بەرامبەر بەوەش ئەو ناوچانە ناچارکراون ژمارەیەك سەرباز پێشکەش بە سوپای عوسمانی بکەن.(١٦) شیاوی باسە ئەگەرچی ئینتیمای سەرانی ئەم ناوچە سنوورییە بەگوێرەی گۆڕانی باڵانسی هێز گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بۆ پاراستنی خۆیان لە هەندێ قۆناغدا پشتگیری ئەم یان ئەو دەوڵەتیان کردووە. بەڵام دەفتەر دامەزراندنەکانی عوسمانی پاشکۆیەتی مێژوویی ناوچەکە بۆ دەوڵەتی عوسمانی و بەڕێوەبردنی لەلایەن سەرانی عەشیرەتی باجەلانەوە بەشێوەی سیستمی ئۆجاقلق(١٧) دەسەلمێنن. بۆ وێنە لە دەفتەر دامەزراندنەکانی عوسمانی کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەهەمدا، لە چوارچێوەی ویلایەتی بەغدادا ئاماژە بۆ ژمارەیەك لە سەرانی عەشیرەتی باجەلان کراوە کە ناوچەکانی زەهاویان پێسپێردراوە.(١٨)

نوێنەرانی وڵاتی ئێران-یش لە کۆنگرەکەدا لای خۆیانەوە لەسەر کۆمەڵێك بناغە بڕوبیانووەکانیان بۆ مانەوە لە زەهاو بەم جۆرەی خوارەوە خستەڕوو:

میرزا تەقی خان-ی سەرۆکی لیژنەی نوێنەرایەتی ئێران بڕوای وابوو دەسەڵاتدارانی عوسمانی کاتەکانی نائارامی و قۆناغەکانی لاوازیی حکومەتی ئێرانی قۆستۆتەوەو دەستی بەسەر زەهاودا گرتووە، بەتایبەتی پشێوییەکانی کۆتایی سەردەمی دەوڵەتی سەفەوی(١٩)، هەر کاتێکیش پایەکانی دەسەڵات لە ئێراندا بەهێزبۆتەوە توانیوێتی سەرلەنوێ زەهاو بگرێتەوە. ئەوەشی دوپاتکردۆتەوە کە لە ڕووی زەمەنییەوە زەهاو زیاتر لە ژێر دەستی ئەواندا بووە تا لە ژێر دەستی عوسمانییەکان، بەتایبەتی لە بیست ساڵی پێش دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئەرزەڕۆم، لەسەر ئەم بنچینەیە بەپێویستی زانیوە زەهاو لەژێر دەسەڵاتی ئێراندا بمێنێتەوە.(٢٠) جێی ئاماژەیە جەختکردنەوەی کاربەدەستانی ئێران لەسەر پاشکۆیەتی زەهاو بۆ وڵاتەکەیان لەو بڕوایەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ناوچەکە شوێنێکی ستراتیجیەو ئایندەی دەوڵەتەکەیان بەندە بەڕێڕەوی کەرەند-وە(٢١)، کە دەچێتەوە سەر زەهاو، ئەگەر بێت و سوپای عوسمانی دەستی بەسەردابگرێت، دەتوانێت بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی مەترسیدار هەڕەشە لەناو جەرگەی ئێران بکات.(٢٢) کاربەدەستانی عوسمانی-ش دەرکیان بە گرنگی پێگەی ستراتیجی ناوچەکە کردووە، ئەوانیش لەو بڕوایەدا بوون باڵادەستی دەوڵەتی ئێران بەسەر ناوچەی زەهاودا، زیانی گەورە بەوڵاتەکەیان دەگەیەنێت، چونکە هەرکات ئێرانییەکان دەتوانن لەوێوە هێزو شتومەکی سەربازی گەورە ڕەوانەی خاکی عوسمانی بکەن و شاری بەغداو دەوروبەری داگیربکەن. بەدیوێکی تریشدا دەبێتە هۆی ئەوەی عەشیرەتەکانی سەر بە ئێران بەو ناوەدا دابەشبن، ئەمەش بەبڕوای کاربەدەستانی عوسمانی وێڕای زیانە سەربازییەکانی، زیانی ئابووریش بە گەنجینەی دەوڵەتەکەیان دەگەیەنێت و بەسوودی دەوڵەتی ئێران دەشکێتەوە.(٢٣)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەڵگەهێنانەوەو بڕوبیانووەکانی نوێنەرانی ئێران بۆ سەلماندنی پاشکۆیەتی مێژوویی زەهاو بۆ وڵاتەکەیان درێژەی هەبووە، میرزا تەقی خان پەنای بۆ نوسراوێك بردووە بەناوی جیهاننامە(٢٤)، کە بەزمانی فارسی و بە ووردی بەندو مەرجەکانی پەیماننامەی زەهاوی ساڵی (١٦٣٩ز.)ی تیا نوسراوەتەوە، کە بەراورد بە کتێبی نەعیمەی عوسمانی، کە بەندو خاڵەکانی هەمان پەیماننامە لەخۆدەگرێت، جیاوازی لە ناوەڕۆکی گشتی و دیاریکردنی سنوورەکەدا دەبینرێتەوە، ئەم جیاوازییەش لە ئەنجامی چاوپۆشی نووسەری جیهاننامەیە لە تەواوی یەك یان دوو دێڕی پەیماننامە ڕاستەقینەکە. (٢٥)

نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی بەریتانیاو ڕووسیاش، کە ئامادەگییەکی بەهێزیان لە کۆنگرەکەدا هەبوو، بەتایبەتی نوێنەرایەتی بەریتانیا، کە دەستەیەك لە زەوی ناس و شوێنەوارناسی وڵاتەکەیان ڕاسپاردبوو، تا سەرتاپای سنوورەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ناکۆك بخەنە ژێر ڕۆشنایی پشکنینێکی زانستی و هونەری و مێژووییەوە.(٢٦) ستراتفۆرد کاننگ-ی سەفیری وڵاتەکەیان لە ئەستەنبول، کە بڕوای وابوو کارەکانی هێڵکاری سنوور پێدەچێت ببێتە بناغەی سەقامگیرکردنی ئاسایش و پێشخستنی کۆمەڵایەتی گەورە بۆ خەڵکی دوور لە شارستانیەتی ئەو ناوچانە! لە نزیکەوە چاودێری کارەکانی ئەم دەستەو گفتوگۆکانی دەکرد(٢٧)

کاتێك وتووێژەکان سەبارەت بە ئایندەی زەهاو لە کۆنگرەکەدا درێژەی کێشا بێئەوەی گفتوگۆکاران بگەنە ئەنجامێك، هەردوو دەوڵەتی ناوبژیوان هەر یەکەو چارەسەرێکی پێشنیازکرد. یەکێك لەوانە پێشنیازەکەی "ستراتفۆرد کاننگ" بوو، کە داوایکرد زەهاو بدرێت بە دەوڵەتی عوسمانی. بەڵام شیل-ی هەڵسوڕاوی کاروبارەکانی ئینگلیز لە تاران ئامادەبووانی ئاگادارکردەوە، کە ئەوە بە مانای بێبەشکردنی ئێران دێت لە باڵادەستی بەسەر ڕێڕەوی کەرەند-دا، ئەوەش کارێکە مەترسیدار. هەر یەك لە کۆنت مێدێم-ی سەفیری ڕووسیا لە ئەستەنبول و کۆنت نسلرود-ی وەزیری دەرەوەی ڕوسیا پێیانوابوو دەرکردنی ئێرانییەکان لەسەر خاکێك کە زمانەی دڵنیایی(safety valve) وڵاتەکەیانەو بەکردار لەژێردەسەڵاتیاندایە مەترسی بۆ ئایندەی ئەو وڵاتە درووستدەکات. (٢٨)

بەوجۆرە ناوچەی زەهاو بووە سەرچاوەی کێشمەکێش و گفتوگۆیەکی گەرم، نەك تەنها لە نێوان نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاریدا، بەڵکو لە نێوان دیپلۆماتکارە بەریتانی و ڕوسییەکانیشدا، کە پێدەچوو ئاراستەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانیان زۆرجار هەڵوێست و پێشنیازەکانیانی لە ئاست کێشەو بابەتەکان، کە لەسەر مێزی گفتوگۆکان دەخرایەڕوو دەستنیشاندەکرد. لە کۆتایشدا کاتێك نوێنەرایەتی هەر چوار دەوڵەت زانیان کێشەکانی سنوور پێویستی بە کاتێکی زۆرتر هەیە، تا بتوانن هێڵێکی جێگیرو ڕوون لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ناکۆکدا بکێشن، کە لە ئایندەدا هیچ کێشەی لەسەر نەبێت، لەسەر ئەو بنچینەیە خاڵی یەکەمی پەیماننانەی دووەمی ئەرزەڕووم، کە لە (٣١ی ئایاری ١٨٤٧ز) بەچاودێری بەریتانیاو ڕوسیا مۆرکرا، تەرخانکرا بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیەو تیایدا: دەوڵەتی ئێران بەڵێنی دا هەموو ئەو زەوی و زارە نزمانەی دەکەوتنە بەشی خۆرئاوای ناوچەی زەهاو بداتەوە بە دەوڵەتی عوسمانی، لای خۆیەوە دەوڵەتی عوسمانیش بەڵێنیدا دەست لە بەشی خۆرهەڵاتی ناوچەی زەهاو واتە بەشە شاخاوییەکەی هەڵبگرێت بۆ ئێران.(٢٩)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەری دووەم: دۆزی ناوچەی سلێمانی

ناوچەی سلێمانی بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی عوسمانی، کە لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا نوسراوە، جوگرافیایەکی فراوان دەگرێتەوە، سنوورەکانی لە باشوورە گەیشتۆتە ناوچەکانی زەهاوو زەنگاباد، لە ڕۆژئاواوە گەیشتۆتە سنووری کەرکووك و لای باکووریشەوە گەیشتۆتە کۆیە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە سنووری شۆڕبۆتەوە تا ناوچەکانی سەردەشت و بانە، هەروەها لەگەڵ خاکی سەقزو مەریوان و هەورامانی دیوی ئێران دراوسێ بووە. (٣٠)

ئەم ناوچە بەرینە، هەر لە سەدەی شانزەهەمی زاینیەوە، بووەتە شوێنی حوکمڕانیی میرەکانی بابان.(٣١) لەگەڵ گەشەسەندنی میرایەتی بابان و گواستنەوەی ناوەندی دەسەڵات لە قەڵاچوالان-وە بۆ سلێمانی، لە ساڵی (١٧٨٤ز.) ناوچەکە زیاتر کاریگەری ناکۆکییەکانی سنووری نێوان ئێرانی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانی لەسەر دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی شوێنە جوگرافییەکەی لەلایەك و گرنگییە ئابوورییەکەی لەلایەکی ترەوە. چونکە ئەم گرنگییە ستراتیجییە ئابوورییە، چەشنی ناوچەی زەهاو، وایدەکرد ئەو لایەنەی کە دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکانیدا بشکێ، چی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەیتوانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەردوو بەشی سەروو و ناوەڕاستی میسۆپۆتامیادا بگرێت (٣٢) ئەمە وێڕای سوودوەرگرتنی هەردوو دەوڵەت لە هێزو توانا مرۆیی و سەربازییەکانی عەشیرەتەکان لەم ناوچەیە، چی لە جەنگەکانیاندا دژ بەیەك یان بۆ دامرکاندنەوەی هەڵگەڕانەوە ناوخۆییەکان، هەروەها بەکارهێنانیان لە جەنگە دەرەکییەکاندا، بەتایبەت دژ بە ڕوسیای قەیسەری، کە بەدرێژای سەدەی نۆزدەهەم دەیویست لەسەر حیسابی کەوشەنەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی خاکی خۆی فراوانبکات.(٣٣)

ئەگەرچی ئەم ناوچە لە ڕێکەوتنەکانی پێش ساڵی (١٨٢٣ز)وە وەك بەشێك لە کەوشەنەکانی عوسمانی هەژمارکراوە، بەڵام هەندێ جار میرەکانی بابان بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان سیاسەتی لایەنگیری یەکێك لەو دوو دەوڵەتەیان دەگرتەبەر و بەئاسانی ئینتیمای خۆیان لەم دەوڵەتەوە بۆ ئەویتر دەگۆڕی و بەگژی یەکتریشدا ئەچوونەوە(٣٤)، بەتایبەتی لە ساڵانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، کاتێك والییەکانی عوسمانی لە بەغداد دژ بە میرەکانی بابان سیاسەتی دوبەرەکێی ناوخۆییان گرتەبەر، براو ئامۆزایان دەدا بەگژیەکدا، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە هەژموون و باڵادەستی خۆیان بەسەر میرایەتییەکەیاندا بسەپێنن، کە ناوەندەکەی لە سلێمانی بوو. بەجۆرێك لە ڕۆژگاری هەردوو برا میرەکەی بابان مەحمود پاشا(١٨١٣-١٨٣٤ز) و سولەیمان پاشا(١٨٢٩-١٨٣٨ز)دا هێندە جەنگ و براکوژی بەخۆوەبینی کە ناوچەی سلێمانی بوو بە شانۆی جەنگی نێوان هەردوو لایەنی عوسمانی و ئێرانی، هەر لایەك کە شکستی دەهێنا پەنای دەبرد بۆ دەسەڵاتداری ئێرانی قاجاری و لەپێناو گەڕانەوەی پاشایەتی لەدەستچوویان بەپشتیوانی ئەوان لەشکرێکیان لەگەڵ خۆیان دەهێنایە سەر سلێمانی، بەمجۆرە وەك تۆژەرێك دەڵێت ناوچەی سلێمانی بوو بە **"نەوایەکی ئێرانی و لەژێر پۆستاڵی سوپای هەردوو لایەنی ناکۆکدا پلیشایەوە"**.(٣٥)

وەك لە نامەو نوسراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی ئێراندا دەردەکەوێت، بە چەند مانگێك لە دوای پەسەندکردنی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم لە ئەستەنبوڵ لە (١٣ی ئابی ١٨٢٣ز.) کاربەدەستانی ئێران داوایان لە بەرپرسانی عوسمانی کردووە دەست لە داواکردنەوەی ئێڵی بابان (واتا ناوچەی سلێمانی) هەڵبگرن.(٣٦)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چونکە کاربەدەستانی ئێران پێیانوابووە دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتدارییەکی سنووورداری بەسەر ئەو ناوچەدا هەیەو ئامادەنەبوون دان بەو دەسەلاتدارییە سنووردارەدا بنێن.(٣٧) لەم سونگەوە دەسەلاتدارانی ئێران تا ڕۆژگاری دەستپێکردنی وتوویژەکان لە ئەرزەڕۆم لە ساڵی (١٨٤٣ز) خواستی ولاتەکەیان لە دانانی حوکمڕانی ناوچەی سلێمانی نەشاردۆتەوەو یەکێك بووە لەو گازندانەی کە هەمیشە لە دەوڵەتی عوسمانی-یان گرتووە. کاربەدەستانی عوسمانیش لای خۆیانەوە ئەمەیان بەجۆرێك لە خۆسەپاندن و تێهەڵقورتاندن لە کاروباری دەوڵەتەکەیان دادەنا.(٣٨)

هەوڵەکانی ئێران بۆ دەستبەسەراگرتنی سلێمانی وای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرد تا پرسی سلێمانی بکەنە یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکانی پەیڕەوی دووەم کۆنگرەی ئەرزەڕۆم، تا لەو ڕێگەوە دانپیانانی ئێران لەبارەی دەسەلاتداریتی عوسمانییەکانەوە بەسەر ناوچەکانیدا مسۆگەربکات. بەم چەشنە دۆزی پاشکۆیەتی ناوچەی سلێمانی لە وتوویژە بەراییەکانی کۆنگرەدا بوو بەجێی مشتوومڕێکی گەرم، بەجۆرێك لە یەکەم کۆبوونەوەی دانیشتنی لیژنەی چوارینەی هاوبەشدا بۆ هێڵکێشانی سنوور، کە لە ١٥ی ئازاری (١٨٤٣ز) دەستیپێکرد هەموو قورسایی کۆبوونەوەکە کەوتبووە سەر سلێمانی و هێرشی مەحمود پاشای بابان بە پاڵپشتی ئێران بۆ سەر ناوچەی سلێمانی، لەم ڕووەوە نوێنەرانی عوسمانی داوای قەرەبووکردنەوەیان لە لایەنی ئێرانی کرد. لە دانیشتنی چوارەمیشدا لە (٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٣ز.) نوێنەری ئێرانی بەگوێرەی ڕێنوێنییەکانی وەزیری دەرەوەی ئێران ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە سەرباری ئەوەی سلێمانی بەشێکە لە خاکی ئێران، بەلام ئەوان ئامادەن قەرەبووی ڕەعیەتە عوسمانییەکان بکەنەوە، کە لە ئەنجامی هێرشەکانی مەحمود پاشا زیانیان پێکەوتووە، بەلام بەمەرجێك دەسەلاتدارانی عوسمانی ملبدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هێزو لایەنانەی کە لە ناوچەی سنە زیانیان بەرکەوتووە.(٣٩)

نوێنەرانی عوسمانی بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ناوچەی سلێمانی ناوچەیەکی عوسمانییە کۆمەلێك بەلگەیان خستەڕوو، لەوانە جەختیان لەوە کردۆتەوە کە لە سەرجەمی پەیماننامەکانی پێشوتری نێوان هەردوو دەوڵەتدا پاشکۆیەتی ناوچەکە بۆ عوسمانییەکان بووە. هەروەها ئەوەشیان خستەڕوو کە سەدری ئەعزەمی عوسمانی لە (٢٠ی تەمموزی ١٨٤١ز)دا نامەیەکی لە سەرۆك وەزیرانی ئێرانەوە پێگەیشتووە تیایدا وێڕای سکالاکردن لە دەستدرێژییەکانی ئەحمەد پاشای حوکمڕانی سلێمانی بۆ سەر خاکی ئێرانی، داوایکردووە ئەحمەد پاشا لێبخرێت. یەکێکی تر لەو بەلگانەی خستییانەڕوو گوایە حوکمڕانەکانی سلێمانی کە هەلگری نازناوی (پاشا) بوون، نازناوێکی عوسمانییە، وەك بەلگەیەك کە لەلایەن ئەوانەوە واتە عوسمانییەکانەوە دانراون.(٤٠)

نوێنەرانی ئێران لە کۆنگرەکەدا بێدەنگ نەبوون، ئەیانویست بەهەر چەشنێك بووە ولامی داخوازییەکانی شاندی عوسمانی بدەنەوەو بەنموونەی جۆراوجۆر پاشکۆیەتی سلێمانی بۆ ئێران بسەلمێنن. لەم ڕووەوە سەرۆکی شاندی ڕووسی لە دانیشتنەکاندا پشتگیری لە داخوازییەکانی ئێران دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ناوچەی سلێمانی (هەروەها شاری محەممەرە)، بۆ قەرەبووکردنەوەی هەردوو هەرێمی ڕوان(یەریڤان)و نەخچوان، کە ڕووسەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو.(٤١)

میرزا تەقی خان-ی نوێنەری ئێران، کە توانایەکی جەدەلی بەهێزی هەبوو باسی لەوەکردووە مەرج نییە هەر کەسێك هەلگری نازناوی پاشا بوو ئیتر عوسمانی بێت، لەم ڕووەوە نموونەی ئەوەی هێنایەوە، کە تا ئەو


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕۆژگارەش حوکمڕانەکانی ڕووس، لەو ناوچانەی وڵاتی ئێران کە دەستی بەسەردا گرتووە، هێشتا هەڵگری نازناوی(خان)ن کە نازناوێکی ئێرانییە. (٤٢) هەروەها میرزا تەقی خان ویستی لە ڕێگەی نموونەی مێژووییەوە پاشکۆیەتی ناوچەی سلێمانی بۆ دەوڵەتەکەی بۆ ئامادەبووانی دانیشتنەکە ڕوونبکاتەوە، لەوچوارچێوەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ناوچەکە، لە سەدەی چواردەهەمی زاینیدا لەژێر دەسەلاّتی قەرەقۆینلۆو ئاق قۆینلۆکاندا(٤٣) بووە، کە ناوەندی دەسەلاّتەکەیان لە ئێراندا بووە. کاتێکیش لە سەدەکانی دواتردا بنەماڵەی بابان هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەی سلێمانیدا سەپاند، جارێك لەلایەن شا و جارێکی تر لەلایەن والییەکانی بەغدای عوسمانییەوە دادەمەزێندران، بۆ جێگیرکردنی دەسەلاّتیشیان لە ناوچەکە وەك یەك سوودیان لە لەشکری ئێران و لە لەشکری عوسمانی بینیوە. لەم سونگەوە بەبڕوای لایەنی ئێرانی، مێژووی ناوچەکە ئەوەمان پێدەڵێت، ناوچەی سلێمانی لە ڕووی زەمەنییەوە چەندە لەژێر هەژموونی عوسمانییەکاندا بووە، ئەوەندەش دەسەلاّت و هەژموونی ئێرانی لەسەربووە. (٤٤)

پاش هێنان و بردێکی زۆر لەسەر پاشکۆیەتی ناوچەی سلێمانی، میرزا تەقی خان کەمێك نەرمی نواندو ڕایگەیاند"**دەوڵەتی ئێران نیازی نییە دەست لە تەواوی ناوچەی سلێمانی هەڵبگرێت و نایەوێت لەو بارەوە چاو لە تەواوی مافەکانی خۆی بپۆشێت**". لێرەوە ئامادەیی وڵاتەکەی خستەڕوو کە ئامادەن تەنها دان بە مافی عوسمانییەکاندا بنێن بەسەر قەزای سلێمانیدا واتا ناوەندی شارەکەدا. بەڵام نوێنەرانی بەریتانی لەگەڵ ئەم جۆرە لە چارەسەرییەدا نەبوون و پێیانوابووە نابێت شاری سلێمانی لە دەوڵەتی عوسمانی دابڕێت، لە کۆتایدا میرزا تەقی خان سیاسەتی خۆی گۆڕی تا ئەگەر ڕێیتێبچێت جۆرێك لە "حکومەتی هاوبەش" لەلایەن هەردوو وڵاتەوە لەم ناوچە پێکبهێنرێت، ئەم پێشنیارەش وەکو ئەوەی پێشوو بەتوندی ڕەتکرایەوە، ولیامز-ی نوێنەری بەریتانیا لە دانوستانەکاندا لەمبارەوە دەنوسێت:"**ئەم بابەتە قسەی پوچ و بێبنەمایە، بەوەی دەربارەی سلێمانی تەنها ئاماژە بە شارەکە بکرێت**". تەنانەت ڕوسەکانیش کە بۆجۆرێك لە جۆرەکان پشتی ئێرانیان دەگرت لەگەڵ ئەم پێشنیارەدا نەبوون، وەك لە وتەیەکی باڵۆیزی ڕوسیادا لە ئەستەنبوول ڕووندەبێتەوە کە دەڵێت" **پێشنیاری ئێران لەسەر ئەو بنەمای کە حکومەتێکی هاوبەش لە نێوان ئێران و عوسمانی لە سلێمانی دابمەزرێت لە کرداردا ناومکینە، مەگەر ئەوەی کە بمانەوێت بڕگەو بنەمای مشتومڕو جەنگێکی هەمیشەیی لەنێوان بەرپرسانی ئێران و تورك(واتا عوسمانی) لە سلێمانی جێگیربکرێت**".(٤٥)

لە کۆتایشدا بە گوشارو پێشنیاری هەردوو وڵاتی نێوەندکار لە کۆنگرەکەدا، کێشەی سلێمانی (هەروەها محەممەرە)(٤٦) بە چەشنێك چارەسەرکرا کە هەردوو دەوڵەتی ناکۆك قایلبکات، لەسەر پرانسیپی دابەشکردن و دەستلێهەڵگرتنی هاوبەش. بەم چەشنە وەك لە خاڵی دووەمی پەیماننامەکەدا هاتووە: دەوڵەتی عوسمانی بڕیاریدا دانبنێت بە سەروەری دەوڵەتی ئێراندا بەسەر شاری موحەممەرەو بەندەرەکەیدا، هەروەها دورگەی خضر(ئابادان)و ئەو زەوی و زارانەی کەوتوونەتە خۆرهەلاّتی کەناراوەکانی ڕۆژهەلاّتی (شط العرب) و پابەندبوونی عەشیرەتەکانی ئەو ناوچانە بە ئێرانەوە. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی ئێران بەتوندی بەڵێنیدا وازبهێنێ لە هەموو خواستەکانی دەوڵەتەکەی لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی، لە ئایندەشدا دەستوەرنەداتە کاروباری ئەم ناوچەیە.(٤٧)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## تەوەری سێیەم: دۆزی هەوارگۆڕینی عەشیرەتەکان

یەکێك لەو کێشە بەرچاوانەی کە بەدرێژای مێژووی پەیوەندییەکانی عوسمانی- ئێرانی هەمیشە ئامادەگی هەبووە، کێشەی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ عەشیرەتەکان بەگشتی و عەشیرەتەکانی سەر سنوور بەتایبەتی. مەسەلەی هەوارگۆڕینی زستانەو هاوینەی عەشیرەتە کوردەکان کێشەی زۆری بۆ پەیوەندییەکانی هەردوو دەوڵەت درووستکردبوو، هۆکاری ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە سنوورە سیاسییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت نەیتوانیوە ببێتە سنوورێکی گونجاو بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکان(٤٨) کە بەگوتەی ئیدوارد تایلور-ی نوێنەری سیاسیی بەریتانی، عەشیرەتەکان هەردوو دیوی سنووریان بە نیشتمانی خۆیان زانیوە، کاتێك دەڵێت: (**هاونیشتمانێتی دوو لایەنەو ونبوونی ئارامی لەسەر سنوور، بێشومار بەریەککەوتن و ناکۆکی لەنێوان هەردوو حکومەتی ئێران و عوسمانیدا لێدەکەوێتەوە، کوردەکان لە هەردوو ولآتدا کە هەستدەکەن لە نیشتیمانی خۆیاندان، هەرکاتێ بیانەوێ یان بزانن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا گونجاوە، لەسەر سنوور دەپەڕنەوە**).(٤٩)

پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم(١٨٢٣ز) کە لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا مۆرکرا، نەیتوانی چارەسەری گونجاوو بنەبڕ بۆ کێشەی هەوراگۆڕینەوەی عەشیرەتەکان لە سنووری ئەم ولآتەوە بۆ ئەوی تر بدۆزێتەوە. ئەو هۆکارانەی لە پشت بەستن و مۆرکردنی پەیماننامەکەوە بوون نیشانەی پەلەیی پێوەدیارە، بۆ ئەوەی هەرچی زووە کۆتایی بەجەنگەکە بێنن، کە بەدرێژای دوو ساڵی پێش مۆرکردنی پەیماننامەکە بەردەوام بوو و مەسەلەی کۆچی عەشیرەتەکان لە سنووری ئەم ولآتەوە بۆ ئەو ولآت یەکێك بوو لە هۆکارەکانی(٥٠). هەر یەك لە حکومەتی ئێران و عوسمانی هەوارگۆڕین و کۆچی عەشیرەتە کوردەکانی بەسەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و تێکدانی ئاسایشی سەر سنوورەکانی خۆی دەزانی، لەم سونگەوە سکالآو تۆمەتەکانی هەردوو دەوڵەت بۆ یەکتری لەسەر مەسەلەی دەستدرێژیکردنی عەشیرەتەکانی سەر سنوور، هەروەها دالّدەدانی ئەو عەشیرەتانەی کاری تێکدان و تالآنکردن ئەنجامدەدەن تا دەستپێکردنی وتووێژەکان لە ئەرزەڕۆم لە ساڵی (١٨٤٣ز.) بەردەوامبووە.(٥١)

بۆ نموونە لە کاتێکدا نوێنەرانی هەردوولا لە گەرمەی گفتوگۆکاندا بوون و جەختیان لەخۆلادان لە هەر گرژی و ئاڵۆزییەك دەکردەوە، کە دەبێتە مایەی پەکخستنی گفتوگۆکان. هەندێ لە لقەکانی عەشیرەتی جاف لە سنووری ئێران، هەندێ گرفتیان خولّقاندووە کە نزیکبووە لەوەی بەربەست بۆ وتووێژەکانی نێوان هەردوو دەوڵەت بخولقێنێت. لە ڕاپۆرتێکی بەریتانیدا هاتووە، کە نەجیب پاشای والی بەغداد(١٨٤٢-١٨٤٩ز)، ڤارانت-ی ئاگادارکردۆتەوە، کە موقیمی بەریتانی بوو لە قستەنتینیە و نوێنەری تایبەتی بەریتانیا بووە، بۆ بەدواداچوونی کاروباری سنووری نێوان عوسمانی ئێران، کە وێڕای ئەو ڕێوشوێنانەی بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژی عەشیرەتەکان لەسەر سنوور گرتوویەبەر، بەلآم "**بەشێك لە لقەکانی عەشیرەتی گەورەی جاف لە ناوچەی سلێمانی دانیشتوون، هێرش و پەلامارێکی لەناکاویان کردۆتە سەر خاکی ئێران و هەندێ لە عەشیرەتەکانی ئەوێیان تالآنکردووە**"، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە نامەی بۆ حوکمڕانی سلێمانی نوسیوە بۆ ئەوەی کاری پێویست بکات بۆ ڕێگرتن لەو جۆرە کارانە، ڤارانت-یش بەحوکمی سروشتی کارەکەی کە پێی ڕاسپێردراوە، نامەیەکی بۆ حوکمڕانی سلێمانی و نامەیەکیشی لە ڕێگەی کونسولی ئێرانەوە لە بەغدا بۆ حوکمڕانی سنە ناردووە تیایدا "**ئارەزووی**

**خۆی سەبارەت بە پاراستنی ڕەعیەتە کوردەکان بۆ ئارامی و ئاسایش بۆ هەردوولا خستۆتەڕوو، بەڵام هەوڵەکانی سوودێکیان نەبووە".**(٥٢)

لەم سونگەوە گرفتی هەوارگۆڕینی عەشیرەتەکان لە نێوان سنوورە دەستکردەکانی هەردوو دەوڵەتدا، هەروەها پاشکۆیەتی و بنەچەو شوێنی نیشتەجێبوونی بەرایی ئەو عەشیرەتانە، کە هەر یەك لەو دوو دەوڵەتە بەژێر دەستەی ولاتەکەی دەزانی لە دانوستاندنەکان و لە کاتی وتووێژەکانی لیژنەی چوارقۆڵیدا مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە. لەوانە بەتایبەتی کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی حەیدەرانلۆ، سپیکانلۆ، زیلان، جەلالی، کە دەوڵەتی ئێران داوای بندەستخستنی دەکردنەوە. هەروەها کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتەکانی جاف، فەیلی و بەشێك لە بلباس، کە عوسمانییەکان پاشکۆیەتیانی بە ماف دەزانی بۆ دەوڵەتەکەیان .(٥٣)

سەرباری ئەوەی نوێنەرانی هەردوو لای ناکۆك بۆ خزمەتکردنی بۆچوونەکانیان و سەلماندنی پاشکۆیەتی ئەو عەشیرەتانە بۆ دەوڵەتەکانیان، بەڵگەو نووسراوی تایبەت و وردیان لە دانوستاندنەکاندا خستۆتەڕوو.(٥٤) لەگەڵ ئەوەشدا دەستنیشانکردنی پاشکۆیەتی ئەو عەشیرەتانە زۆر لە دەستنیشانکردنی پاشکۆیەتی شارو گوندەکانی سەر سنوور ئاڵۆزتربوو، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ئەو عەشیرەتانە هەردوو دیوی سنووریان بە نیشتمانی خۆیان دەزانی. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییەش تیشکێکی خێرا دەخەینە سەر دۆخی ئەو عەشیرەتانەی ئاماژەمان بۆ کردوون:

هەردوو کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی حەیدەرانلۆ و سپیکانلۆ (هەروەها عەشیرەتی سفیدان-سفیدی) کە لە ناوچەی خۆی دیوی ئێراندا دەژیان، لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە کۆچیانکردووە بۆ دیوی کوردستانی عوسمانی بۆ ناوچەکانی باکووری دەریاچەی وان و مووش.(٥٥) کۆچی حەیدەرانلۆ و سپیکانلۆ جەنگی ساڵی (١٨٢١-١٨٢٢ز.)ی لەنێوان عوسمانییەکان و ئێراندا هەڵگیرساند(٥٦)، لە مادەی سێیەمی پەیماننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆمدا کە لە پاش جەنگەکە بەسترا، ئێران دەستی لە داواکردنی ئەم دوو عەشیرەتە هەڵگرتووە.(٥٧) وەك لە نامەیەکی فەتح عەلی شادا کە بۆ عەباس میرزای نوسیوە دەردەکەوێت کاربەدەستانی ئێرانی بڕوایان وابووە ئەم دووە عەشیرەتە لەمێژە سەر بەمەڵبەندەکانی (خۆی و (ئەریڤان)ی ولاتەکەیان بوون، بەڵام بۆ خۆلادان لە کێشەو پاراستنی هێمنایەتی نێوان خۆیان و عوسمانییەکان دەستیان لێهەڵگرتووە.(٥٨) کەچی دۆزی پاشکۆیەتی ئەم دوو کۆنفیدراسیۆنە عەشیرەتییە جارێکی تر لە دانیشتنە بەراییەکانی دووەم کۆنگرەی ئەرزەڕۆم دا سەرهەڵدەدەنەوە(٥٩)، سەرهەڵدانەوەشی لەلایەن ئێرانەوە پێدەچێت وەك کارتێکی فشار بووبێت، تا عوسمانییەکان ناچار بەدەستلێهەڵگرتنی زیاتر بکەن.(٦٠)

عەشیرەتی زیلان و لق و پۆکانی، کە لەو ڕۆژگارەدا ژمارەیان لەنێوان (١٥٠٠-٢٠٠٠) خێزان دەبوون(٦١)، یەکێك بوو لەو عەشیرەتانەی لە دانوستاندنەکاندا گفتوگۆی گەرم لە بارەی پاشکۆیەتییانەوە کراوە. زیلان بەگوێرەی فەرمانێکی عوسمانی لەسەر زەوی و زارەکانی دیاربەکر ژیانیان گوزەراندووە، بەڵام پاش ئەوەی ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادبوون کردووەو لەوەڕگاکان بەشی مەڕو ماڵاتەکانیانی نەکردووە، کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی بایەزید و قارس. بەرامبەر بەخزمەتێکی سەربازی دیاریکراو کە دەبوو پێشکەش بە دەوڵەتی عوسمانی بکەن سوودیان لە زەوی و زارو لەوەڕگاکانی ئەو ناوچانە وەرگرتووە. پاش ماوەیەك مانەوە کە زانیویانە کوێستانەکانی نزیك ئەریڤان گونجاوترو بەپیتترە پەڕیونەتەوە بۆ ئەوێ، بەڵام بەهۆی جەنگەکانی

عوسمانی-ڕوسی و داگیركردنی ڕووسەكان بۆ ئەو زەوی و زارانەی زیلان بەكاریهێناوە، بەڕەزامەندی و ڕێكەوتنی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی-ئێران ڕوویانكردۆتە ناوچەی خۆی. بەڵام پێدەچێت نوێنەری عوسمانی لە بەرامبەر بەدەستهێنانی دەستكەوتی تر پێداگریان لە پاشكۆیەتی ئەم عەشیرەتە كردبێت. چونكە ئەنوەر ئەفەندی لە بەرامبەر خواستەكانی شاندی ئێرانی بۆ ئەم عەشیرەتە جەختیكردۆتەوە لەوەی گەڕانەوەیان بۆ ئەو زەوی و زارانەی سوڵتانی عوسمانی پێبەخشیون بەندە بە هێوربوونەوەی دۆخی سنوورەوە، هەر كە زانیان دۆخەكە ئارام بۆتەوە دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، وەك چۆن لە ئێستادا (ساڵی ١٨٤٣ز) گەڕاونەتەوە و بەپاشكۆیەتیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئاسوودەن و لە دیاربەكر ژیان دەگوزەرێنن. (٦٢)

نموویەكی تر بۆ ئاڵۆزی پرسی عەشیرەتەكان خۆی لە كۆنفیدراسیۆنێكی عەشیرەتی گەورەی وەكوو جەلالی دا دەبینێتەوە، كە لەو ناوچانەدا ژیاون كە سنوورەكانی هەرسێ دەوڵەتی عوسمانی-ئێرانی- ڕووسی دەگەیشتنەوە یەك، بنەماڵەكانی جەلالی بەسەر خاكی هەرسێ دەوڵەتی ناوبراودا دابەشبوبوون و لەو نێوانەدا گەرمیان و كوێستانیان كردووە(٦٣)، ئەو لقانەی لە دەوڵەتی عوسمانیدا بوون لە گوندو دۆڵەكانی قارس و بایەزیدا ژیاون، لقەكانی ئێران كوێستانیان لە خۆی و ماكۆدا گوزەراندووە، هاوینانیش مەڕو ماڵاتیان بردووە بۆ دەشتاییەكانی ئابغای لە وان، ئەوانەی ڕوسیاش زستانان هاتوون بۆ وان، لە بەهارو هاوینیشدا گەڕاونەتەوە بۆ ئەكیس-ی ڕوسیا، بەشێكیشیان بەهارو هاوینیان لە دۆڵی بیرلۆ بردۆتەسەر، كە كەوتۆتە نێوان بایەزید و ناوچەی یەریڤان.(٦٤) وەك لە ڕاپۆرتێكی بەرواوری (٥ی شوباتی ساڵی ١٨٤١ز.) والی ئەرزەڕوومی عوسمانیدا ڕووندەبێتەوە، سەرباری ئەوەی بۆ كۆنترۆڵكردنیان پەنایان بۆ لایەنی ئێرانی و ڕووسیش بردووە، بەڵام نەتوانراوە چارەسەرێكی گونجاو بۆ هەوارگۆڕینیان بدۆزرێتەوە.(٦٥) هەڵبەتە لە دۆخێكی لەم چەشنەدا، مەحاڵ بوو نوێنەرو ئەندامانی كۆنگرەكە بتوانن لەسەر مێزی گفتوگۆكان بڕیاری كۆتایی لەبارەی پاشكۆبوونی عەشیرەتێگەلێكی لەم جۆرە بۆ ئەم یان ئەو دەوڵەت بدەن.

كۆنفیدراسیۆنی گەورەی عەشیرەتەكانی جاف، كە نوێنەرانی عوسمانی لە وتووێژەكانیدا داكۆكیان لە مافی پاشكۆیەتییان دەكرد بۆ دەوڵەتەكەیان، تا سەرەتاكانی سەدەی بیستەمیش نەفرەتیان لە ژیانی نیشتەجێی دەكردو هەمیشە لە گەرمیان و كوێستاندابوون لەسەر سنوورەكانی عوسمانی -ئێرانی، لە زستاندا لە ناوچە بەرین و فراوانەكانی باشووری سلێمانیدا دەژیان، لە هاوینانیش لە ڕێگەی هەڵەبجەو پێنجوێنەوە كۆچیان دەكرد بۆ سنە لە سنووری خاكی ئێران و چەند مانگێك لەوێ دەمانەوە، كۆچی ئەم عەشیرەتە بەگەورەترین و دیارترین كۆچی عەشیرەتەكانی كورد دادەنرێت، بەهۆی زۆری ژمارەی بنەماڵەكانی لق و پۆكانییەوە كە لەو ڕۆژگارەدا بەنزیكەی چوار هەزار بنەماڵە خەملێندراون، بەڕوویەكی تردا دابەشبوونیان بەسەر ناوچەیەكی فراوانی خاكی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا(٦٦)، هەمیشە وەك سەرچاوەی دڵەڕاوكێ و بەردەوامبوونی كێشەكانی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت بینراون، لە سەرەتای دانیشتنەكاندا لە ئەرزەڕۆم نزیكبووە لەوەی دۆخێكی دژوار لە گفتوگۆكاندا بخولقێنن. ئیدوارد تایلور-ی نوێنەری سیاسی بەریتانی بۆ بەدواداچوون بۆ كاروباری سنوورەكان، كە شوێنی ڤارانت-ی گرتبووەوە، لە ڕاپۆرتێكدا كە لە كانوونی یەكەمی (١٨٤٣ز.)دا بۆ سەرووی خۆی بەرزكردۆتەوە، سەبارەت بە جافەكان دەنووسێت: " **بەشێك لە عەشیرەتی جاف، كە كۆچیانكردووە بۆ ئێران، بەخواستی خۆیان گەڕاونەتەوە بۆ نێو خاكی عوسمانی، بەوەش بارێكی قورسیان لە**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**كۆڵكردۆتەوە، چونكە حكومەتی عوسمانی پێشتر داوای لە حكومتی ئێران كردبوو بیانداتەوە، بەڵام ئەوان داواكەیان ڕەتكردبووەوە**".(٦٧)

كۆنفیدراسیۆنی فەیلییەكان-یش، كە لە باشوورەوە دراوسیی "بنو لام" (٦٨)و لە باكووریشەوە دراوسێی "باجەلانەكانی زەهاو" بوون، عەشیرەتێكی جێناكۆك بوون. فەیلییەكان هەر لە كۆنەوە بەشێك بوون لە لوڕی كوچك، كە نیشتەجێی ناوچەكانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای خوڕەم ئاباد بوون، تا سەرەتای بیستەكانی سەدەی نۆزدەهەم لەژێر دەسەلاتی "حسێن خان"دا بوون، كە هەوڵیداوە دوور لە هەژموونی عوسمانی و ئێرانی ڕێبەرایەتی فەیلییەكان بكات، بەدرێژای نزیكەی چڵ ساڵی سەرۆكایەتیكردنی بۆ فەیلییەكان لەنێوان ناوچەكانی خوڕەم ئابادو "پیشتكۆ"دا گەرمیان و كوێستانیان كردووە. لە زستانیان لە خوڕەم ئابادو بەهاریان لە پشتكۆدا گوزەراندووە. بەهۆی زۆربۆهێنان و گوشارەكانەوە ئینتیمایان بۆ ئەم دەوڵەت یان ئەویتر گۆڕاوە، پاش مردنی حسێن خان و دابەشبوونی دەسەلات لەنێوان نەوەكانیدا، بەشێكی گرنگی فەیلییەكان لە دەڤەرەكانی بەدرەو جەسسان و مەندەلی و زورباتییە نیشتەجێبوون، لەگەڵ گەرمبوونی كێشمەكێشەكانی دەسەلاتی عوسمانی و ئێرانی لە ناوچەكەیاندا بوون بە عەشیرەتێكی جێناكۆك.(٦٩)

هەرچەندە عوسمانییەكان سەرجەمی لق و پۆكانی كۆنفیدراسیۆنی بلباس-یان بە ڕەعیەتی خۆیان دەزانی، بەلام بوونی ئەم كۆنفیدراسیۆنە لە جوگرافیایەكدا كە شانۆیەكی گەرمی شەڕە سنووری نێوان ئێران-عوسمانییە، مەیلی هەندێكیانی بەلای ئێراندا ڕاكێشا. بەتایبەتی ئەوانەیان كە كوێستانەكانیان كەوتۆتە دەڤەرەكانی سەردەشت و سەڵدروز، لەوانە پیران و مەنگوڕ و مامش.(٧٠) هەر بۆیە دۆخی پاشكۆیەتی ئەمانیش لە كۆنگرەكەدا مشتومڕێكی زۆری لەبارەوە كراوە.

دۆخی ئاڵۆزو نائارامی سەر سنوورەكان، بەهۆی هەڵسوكەوتی هەندێ لە عەشیرەتەكان و هەوارگۆڕینیان لەنێوان سنووری دەسەلاتی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی-ئێرانی، تا ڕۆژەكانی پێش مۆركردنی پەیماننامەكە لە ئایاری ساڵی (١٨٤٧ز) بەردەوامبووە. هنری ڕاوڵنسون-ی نوێنەری سیاسیی بەریتانی لە بەغداد، لە ئازاری ساڵی ١٨٤٧ز.دا ئاماژەی بۆ ئەوەكردووە، كە ئەو عەشیرەتانەی سەر سنوور لە دیوی ئێرانەوە هەڵساون بە" **دەستدرێژیكردن و كاری تاڵانیكردنی زۆروزەوەند و زیانی گیانی كە ڕۆژانە دووبارەدەبێتەوە**". چونكە دەسەلاتێك نییە بەربەرچیانبداتەوە، هەر بۆیە ڕاوڵنسون بەو پێیەی ئەركێكی تایبەتی پێسپێردراوە، كە بریتییە لە بەدواداچوون بۆ كاروباری سنوورەكان لەگەڵ كۆمیسیۆنی بەریتانی، كە لە دانوستاندنەكانی ئەرزەڕۆمدا بەشداریكردووە، پێشنیاردەكات بۆ بەرپەرچدانەوەی سەرپێچی عەشیرەتەكان و گێڕانەوەی ئەمن و ئاسایش بۆ ناوچەكانی سنوور، كردەیەكی سەربازی چوارچێوە فراوان ئەنجامبدرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی نێردەی دیبلۆماسی بەریتانییەوە لە تاران، هەوڵیداوە كاربەدەستانی ئێران قایلبكات تا ئەفسەرێكی سەربازی بنێرن بۆ سەرپەرشتیكردنی كاروباری سنوورو ڕێگرتن لە دەستدرێژیكردنی ئەو عەشیرەتانەی، كە لەژێر دەسەلاتی ئێرانەوە هاتوون. لە هەمان كاتدا داوای لە نەجیب پاشای والی بەغدا كردووە، بەمەبەستی هاریكاری و یەكخستنی تواناكان، نوێنەری خۆیان ڕەوانەی ئێران بكات. بەلام نەجیب پاشا بەدەم ئەم داخوازییەوە نەچووە، چونكە متمانەی بە كاربەدەستانی ئێران نەبووە.(٧١)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەر لەم چوارچێوەدا نوێنەری دەوڵەتی عوسمانی لە (١١ی نیسانی ١٨٤٧ز.) واتا مانگێك پێش مۆرکردنی پەیماننامەکە، لە یاداشتێکدا نیگەرانی ولاَتەکەی سەبارەت بە هەڵوێستی ئێران لە ئایندەدا، سەبارەت بەو عەشیرەتانەی بەشێکیان لەسەر خاکی ئێرانن و بەشەکەی تریان لەسەر خاکی عوسمانییەو پاشکۆیەتییان بۆ دەوڵەتی ئێران ڕوونبۆتەوە، داوەتە باڵوێزی بەریتانیاو ڕوسیا لە ئەستەنبوول تیایدا پرسیار لەوە دەکەن، ئایا ئێران لە ئایندەدا مافی ئەوەی دەبێت داوای بندەستخستنی ئەو زەوی و زارانە بکات ئەو بەشەی عەشیرەتەکانی تیا دەژی کە لەناو خاکی عوسمانیدایە؟ لە وەڵامدا هەردوو باڵوێزی بەریتانیاو ڕوسیا عوسمانییەکانیان دڵنیاکردۆتەوەو لە ٢٦ی نیسانی هەمان ساڵدا یاداشتنامەیەکی ڕوونکردنەوەیان داوەتە حکومەتی عوسمانی و تیایدا جەختییان کردۆتەوە لەوەی ئێران بەهیچ بەهانەیەك مافی نیە دەست لەو عەشیرەتانەی سەر سنووری عوسمانی بدات.(٧٢)

هەستیاری کێشەی عەشیرەتەکان و ئاڵۆزی لە دەستنیشانکردنی پاشکۆیەتییان بۆ هەر یەك لە دەوڵەتی عوسمانی و ئێران، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی وایکرد ئەندامانی کۆنگرەکە لێکۆڵینەوە لە دۆزی عەشیرەتەکان دوابخەن و جێیبهێڵن بۆ ئەو دەستە چوار قۆڵییە هاوبەشەی(٧٣)، کە دەبوو بەگوێرەی بڕگەی سێیەمی پەیماننامەکە پێکبهێنریت، تا سەرجەمی کێشەکانی سنوور بە کێشەی عەشیرەتەکانیشەوە یەکلایبکاتەوە، لەسەر ئەم بناغە مادەی هەشتەمی پەیماننامەکە تەرخانکرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی عەشیرەتەکان تا هەردوو دەوڵەت یەك جارو بۆ هەمیشە ئازادی تەواوی شوێنی نیشتەجێبوون بدەن بەو عەشیرەتانەی کە جێگای ناکۆکی بوون و هێشتا پاشکۆیەتییان یەکلا نەبووەتەوە، بۆ ئەوەی هەمیشە لەو شوێنەدا بژین و ناچار بەکۆچکردن نەکرێن بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوون(٧٤)

بەم چەشنە هێڵکارییەکانی سنوورو دیاریکردنی پاشکۆیەتی ناوچەکانی زەهاو سلێمانی و عەشیرەتە کوردەکان لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و ئێران دا، بە سەرپەرشتی ئیمپراتۆریای بەریتانی و ڕووسیای قەیسەری، بێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەکەی، وێڕای ئەوەی زیانی گەورەی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەی کوردی گەیاند، کەچی نەیتوانی کێشەکان چارەسەربکات، ئاوڕێکی خێرا بە ڕووداوەکانی ساڵانی دواتردا ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە بارودۆخی سنوورەکان زۆر لەجاران و پێش مۆرکردنی پەیماننامەکە نالەبارترو ناسەقامگیرتربووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

دۆزی ناوچەکانی زەهاوو سلێمانی عەشیرەتە کوردەکان لە دانیشتنەکانی گۆنگرەی ئەرزەڕۆمی دووەمدا ئامادەگییەکی گەرم و گوڕو جێی مشتومڕو هێنان و بردێکی زۆربووە لە نێوان نوێنەرانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و تێکڕای ئەندامانی بەشداربووی کۆنگرەی دووەمی ئەرزەڕۆم. وەك لە وتووێژو بڕیارەکانی گۆنگرەکەدا دەرکەوتووە، تەنها ناوچە کوردەکانی دوور لە ئارەزووی خەڵکە ڕەسەنەکەی دابەشنەکراوە، بەڵکو ئەم دابەشکردنە عەشیرەتەکانیشی گرتووەتەوە، کە هەندێکیان نەك تەنها لەنێوان دوو دەوڵەتدا، بەڵکو لەنێوان سێ دەوڵەتدا دابەشکراون، نموونەی جەلالی و زیلان، کە بنەماڵەکانیان لە نێوان سێ دەوڵەتدا (عوسمانی، ئێران و ڕووسیا) پەرشوبڵاوبوونەوە.

ئەگەر خواستەکانی هەردوو لایەنی عوسمانی و ئێران وەك دوو ئیمپراتۆریای پاوانخواز بۆ وەبندەستخستنی ناوچەکانی کوردستان سرووشتی دەرکەوێت، بەلآم ئەوەی ناسروشتییە هەوڵ و تێکۆشانە سەرسەختەکانی ئەم دوو لایەنەیە بۆ بەدەستهێنانی پاشکۆیەتی عەشیرەتەکانی کوردستان، کە بە ئامانجی نیشتەجێکردن و سوودلێوەرگرتنیان بووە، بۆ هەرچی زیاتر قایمکردنی سنووەرەکانیان.

هێڵکێشانەکانی سنوور وەك ئەوەی پێشبینی دەکرا، نەك پێشکەوتنی کۆمەلآیەتی گەورەو سەقامگیری ئاسایش لەو ناوچانە جێگیرنەکرد، بەڵکو ئەو هێڵە سنوورییەی، کە درێژییەکەی لە بەدرەو جەسسانەوە تا ئارارات، نزیکەی (١٠٠٠)کم دەگرێتەوە، خاکی کوردستان و خەڵکەکەی کرد بە دوو بەشەوە و کاریگەری نەرێنی بێئەندازەی لەسەر ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەلآیەتی جێهێشت، کە تا ئەمڕۆ گەلی کورد پێوەی دەناڵێنێت.

دیپلۆماتکارە بەریتانی و ڕووسەکان، کە زۆرجار هەڵوێست و پێشنیارەکانیان لە ئاست کێشەو بابەتەکان، بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی وڵاتەکانیان بووە ، هەژموونی تەواویان لەسەر وتووێژەکان هەبووە، ڕۆڵێکی بەرچاویشیان گێڕاوە لە فۆرم وەرگرتنی دابەشکارییەکان بەو چەشنەی دەستنیشانکراوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١-ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عەبدوڵا، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ل ١١٩-١٢١. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئەندامێکی لیژنەی سنوور، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم نوسیوێتی، ناوچەی زەهاو لەم قەزاو گوندانەی خوارەوە پێکهاتووە لە:-قەزای دەرەتەنگ کە پێکهاتووە لە گوندەکانی دەرەتەنگ: زەردە، یاران، کانی ڕەش، بشێوە، سەرپێل، دێرە،کاووان(قەڵای شاهین)، پشت تەنگ، گێلان، کلین(گولین)و زەهاو. -قەزای دەرنە لە گوندەکانی دەرنە، جگیران، میراوا، بێبان، خانەشۆر، پشت. -ناوچەی قەسر شیرین لە گوندەکانی: قەسر شیرین، قۆرەتوو، سەرکان، سەرچەم، بنکورە، تیلەکۆ، خوڕخوڕە، سەنگەر، جگەرلو. -ناوچەی شێخان بریتیبوو لە گوندەکانی: مامشان، هەرشەل، مەیدان و تلفاد. بڕوانە: خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت: مصطفى زهران، ط١، مصر، ٢٠٠٩، ص ص ١٩٥-١٩٦.

٢-سوڵتان سولەیمانی قانوونی((١٥٢٠-١٥٦٦ز): نۆیەم سوڵتانی عوسمانی و خاوەن درێژترین ماوەی حوکمڕانییە، لە ڕۆژئاوا بە مەزن و لە ڕۆژهەڵات بە قانوونی ناسراوە، بەهۆی ئەو چاکسازییانەی لە کایە جیاوازەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامیداوە، هەڵمەتەکەی بۆ سەر بەغدا لە ساڵی (١٥٣٤ز)، کە لە مێژووی عوسمانیدا بە (عێراقی سەفەری)، واتا هەڵمەت بۆ سەر عێراق(عێراقی عەرەبی و عێراقی عەجەمی) ناسراوە، دیاترین ڕووداوەکانی سەردەمەکەیەتی، کە پاش چوار مانگ مانەوە لە بەغدا، ئەم شارە دەکاتە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سەنتەری ئەیالەتێك، ناوچەی زەهاو-یش بە یەكێك لە پاشكۆكانی ئەم ئەیالەتە. بۆ زیاتر بڕوانە: فاضل بيات، دراسات في تاريخ العرب في العهد العثماني (رؤية جديدة في ضوء الوثائق و المصادر العثمانية، دار المدار الاسلامي، ط١، ليبيا، ٢٠٠٣، ص ص٣٠-٣٨.

٣-قەڵای زنجیر: قەڵایەكی سەخت و سروشتییەو بەهۆی بەرگری دەستكردەوە بەهێزكراوە، كەوتۆتە سەر یەكێ لە لووتكە بەرزەكانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتەوە (٤٠) میل لە لە شارۆچكەی زەهاوەو دوورە. بڕوانە: هنری ڕاولنسن، سەرجەمی ئەو پەیماننامانەی بەندن بە كێشەی نێوان تورك و فارس، و. نەزەند بەگی خانی، (گۆڤاری كاروان-خوولی ڕاپەڕین، ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٤)، ل ١٧.

٤-سوڵتان مورادی چوارەم(١٦٢٣-١٦٤٠ز): هەژدەیەم سوڵتانی عوسمانییە، هەڵمەتەكەی بۆ سەر شاری بەغدا و ئابلۆقەدانی لە ساڵی (١٦٣٨ز.) دیارترین ڕووداوەكانی سەردەمەكەی بووە، كە بە پەیماننامەی ناسراوی زەهاو كۆتایی هاتووە لە ساڵی (١٦٣٩ز). بۆ زیاتر بڕوانە: علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني(١٦٣٨-١٧٥٠)، دراسة في احواله السياسية، ط١، بغداد، ١٩٨٥، ص ص ٥٧-٧٨.

٥—— هنری ڕاوڵنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١.

٦-محمد بن احمد الحسينى المنشى البغدادى، رحلة المنشى البغدادى الى العراق، ت. عباس العزاوى، بغداد، ٢٠٠٨، ص ٦٢.

٧-مەیجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە كوردستان، و. مینە، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٨.

٨-نەجاتی عەبدوڵا، كوردستان و كێشەی سنووری ئێرانی-عوسمانی(١٦٣٩-١٨٤٧ز)، چ٢، هەولێر ٢٠١٥، ل ل ١٠٦-١٠٧.

٩-میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧)، ئامادەو وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چ١، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٣٤.

١٠- بڕوانە: عبدالعزيز سليمان نوار، العلاقات العراقية الايرانية دراسة فى دبلوماسية المؤتمرات. مؤتمر ارضروم ١٨٤٣-١٨٤٤، دار الفكر العربى، ١٩٧٤، ص ص ٨٠-٨١.

١١- نفس المصدر، ص٨١.

١٢-جيمس بيكنغهام، رحلتى الى العراق، ت: سليم طه التكريتى، ج٢، بغداد، ١٩٦٩، ص ٢٣٦.

١٣-سیاحەتنامەی مسیۆ چریكۆف، كۆكراوەی: عەلی عومران، و. سەلاح نیساری، هەولێر، ٢٠١٣، ل ١٦١. هەروەها بڕوانە: هنری ڕاولنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

١٤- بڕوانە: رحله المنشى البغدادى الى العراق، المصدر السابق، ص٦٤.

١٥-بەگوێرەی هنری ڕاوڵنسون مەبەست لە دەرەتەنگی ناو پەیماننامەكان گوزەرگا یان ڕێڕەوی تاقی گەرایە، ئەو بەشەی كە داڵانەكە لێیەوە دەڕوانێتە سەر دەشتی كەرەندو لە شەڕەكانی نێوان عوسمانییەكان و فارسەكاندا هێرش و بەرگریكردن لەم ناوچە زۆرجار دووبارە بۆتەوە. لەكاتی بەستنی پەیماننامەی زەهاودا بەشێك بووە لە خاكی میرە كوردەكان، كە فەرمانڕەوای زەهاو و سەرجەم چیاكانی دەوروبەریان دەكرد. بۆ زیاتر بڕوانە: هنری ڕاولنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠-١١. كۆنت دۆسێری-یش كە لە ساڵی (١٨٣٩-١٨٤٠ز) بەنوێنەرایەتی دەوڵەتی فەرەنسا سەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری كردووەو ناوچەگەلێكی زۆری كوردستان بینیوە، لە كۆتایی سییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا بە دەرەتەنگدا تێپەڕدەبێت، دەڵێت: تافگەرا بەسەر ئەو ڕێگایەدا زاڵە كە دەڕواتەوە سەر بەغداد، تەنگەكە پێنج سەعات ڕێگە ڕێ دەبێت و هێندەش سەخت و هەڵكەوتەیەكی ستراتیجی هەیە دەستەیەك پیاو دەتوانن لێرەوە بەگژ سوپایەكدا بچنەوە. بڕوانە: گەشتی كۆنت دۆسێری بۆ كوردستان،(١٨٣٩-١٨٤٠)، و: كارزان محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٥٩.

١٦- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص٨١-٨٢.

١٧-ئۆجاقلق: سیستمێكی كارگێڕی تایبەتە، عوسمانییەكان لەو ناوچانەی دەكەوتنە ژێر دەسەڵاتی دەیگرتەبەر، بەگوێرەی ئەم سیستمە سەرانی ناوچەكە لە میرو سەرۆك عەشیرەتەكان كاروباری ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتیان تا مردن بەڕێوەدەبرد، پاش مردنیشیان كارگێڕی ناوچەكە بەشێوەی میرات بۆ نەوەكانیان یان براكانیان دەمایەوە. لە بەرامبەریشدا دەبوو بەشداری لە هەڵمەتە سەربازییەكانی عوسمانیدا بكەن و باجە سەپێنراوەكانی سەرشانیان بدەن، بەپێچەوانەوە لایانەداو كەسێكی تری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خێزانەکەیان دادەنا. بۆ زیاتر بڕوانە: -فاضل بيات، الدولة العثمانية فى المجال العربى، دراسة تاريخية فى الاوضاع الادارية فى ضوء الوثائق و المصادر العثمانية حصرا(مطلع العهد العثمانى –اواسط القرن التاسع عشر)، ط١، بيروت، ٢٠٠٧. ص ٨١.

١٨-بەگوێرەی فەرمان دامەزراندنەکانی عوسمانی نێوان سالآنی (١٦٩٥-١٧٤٠)، قەسری شیرین لە ساڵی (١٦٩٥ز) بە عەساف بەگی باجەلآن سپێردراوە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٧٠٠ز.دا هەردوو لیوای دەرنەو دەرەتەنگ یەکخراوەو تا مردن بە عوسمان بەگی میر عەشیرەتی باجەلآن سپێردراوە، لە پاش مردنیشی دراوەتە ئەحمەد بەگی کوڕی لە لە شەڕی ساڵی (١٧٣٣ز) لەگەڵ نادر شا کوژراوەو هانی کوڕی جێگەی گرتۆتەوە. بڕوانە: نفس المصدر. ص ص٣١٠-٣١٤.

١٩- تقى محمد امامى خويى و نيلوفر جفرودى، روابط سياسى ايران و عثمانى از ١٢١٢ تا ١٢٦٥ هـ ق، (فصلنامەی مسكويه سال ٧ شمارەی ٢٢ پايز ١٣٩١)، ل١٧.

٢٠- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص٨٢.

٢١-کەرەند: نزیکەی حەوت فەرسەخ (٣٥-٤٠کم)، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی زەهاو، بەگوێرەی گەشتەوەرە بیانییەکان کە لەو ڕۆژگارەدا بە ڕێڕەوە سەختەکانیدا تێپەڕیون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەرەند گوندێکی گەورەی هەزار ماڵی بووەو لەنێوان دوو چیادا،پڕبووە لە دارستانی سرووشتی و باغ و ئەشکەوت و کێڵگەی جۆراوجۆر، خێڵە کوردەکانی (عەلی اللە)ی تێدا ژیاون، کە بەدەست و تفەنگیانەوە بەناوبانگبوون و نزیکەی هەزار سوارەو پیادەیی چەکداریان خستۆتە خزمەت والی کرماشان. بڕوانە: گەشتی کۆنت دۆسێری بۆ کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٥٦-٥٨. رحله المنشى البغدادى الى العراق، المصدر السابق، ص٦٤.

٢٢- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص٨٢-٨٣.

٢٣- بڕوانە: التقرير الذى تفضل بتقديمة صاحب السعادة المغفور له درويش باشا الذى عين لتحديد الحدود الايرانية العثمانية، بغداد، مطبعة الحكومة، ت.وزارة الخارجية العراقية، بغداد، ١٩٥٣، ص ص ٢٣-٢٤ لەڕاستیدا هەستکردنی عوسمانییەکان بە هەڵکەوتەی ستراتیژی ئەم ناوچەیەو هەوڵدان بۆ دەستبەسەراگرتنی ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش بەستنی پەیماننامەی زەهاوی ساڵی (١٦٣٩ز) کاربەدەستانی عوسمانی، لە کاتی وتووێژەکانی ئاشتیدا وەفدی عوسمانی بە توندی داوای کشانەوەی فارس-یان کردووە لە دەرنە و دەرەتەنگ، پێیان وتوون:" **ئێوە هاتوون داوای ئاشتی دەکەن و کلیلی دەرەتەنگتان نەهێناوە!**" بۆ زیاتر بڕوانە: نەجاتی عەبدولآ،سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٧-٤٨.

٢٤- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ٨٣.

٢٥- بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: هنری ڕاولنسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦-١٢.

٢٦- بڕوانە: ج. ج. لوريمر، دليل الخليج، القسم التاريخى، ج٤، قسم الترجمة بمكتب امير دولة قطر، مطابع على بن على، الدوحة (د.ت) ص ٢٠٥٢. هنری ڕاولنسون و فلیکس جۆنس-ی هەردناس چاوساغی ئەم دەستە بوون، کە لە ساڵی (١٨٤٤ز) سەردانی ناوچەکانی زەهاو و سلێمانی و ناوچە سنوورییەکانی تر دەکەن. بەرهەمی ئەم سەردانە لێکۆڵینەوەیەکی وردە سەبارەت بەدۆخی سنوورو دیاریکردنی پاشکۆیەتی عەشیرەت و ناوچە کوردەکان لە پەیماننامەکانی پێشووتری نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، لەلایەن نەزەند بەگیخانی-یەوە بەناونیشانی (سەرجەمی ئەو پەیماننامانەی بەندن بە کێشەکانی نێوان تورك و فارس) کراوەتە کوردی. بڕوانە: گۆڤاری کاروان، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٤-١٨.

٢٧-سی. جی. ادموندز، كرد و ترك و عرب، ت: جرجيش فتح الله، بغداد، ١٩٧٣، ص١٣٤.

٢٨- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص ٨٣-٨٤.

٢٩- منوچهر پارادۆست، زمينەهای تاريخى اختلافات ايران و عراق (١٥١٤-١٩٨٠)، چاپ ٢، تهران، ١٣٦٥، ص٦٧. لەڕاستیدا ئێران دەستی لەو زەوی و زارە نزمانەی بەشی خۆرئاوای ناوچەی زەهاو هەڵنەگرت، کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان، کە لە قۆرەتووەوە لە باکووری خانەقین تا چیای بەمۆ دەگرێتەوە، تا دوای مۆرکردنی پرۆتۆکۆلی ئەستانە لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٣ز) و کۆنوسی دانیشتنەکانی لیژنەی دیاریکردنی سنوور لە ساڵی (١٩١٤ز)، ئەو ناوچانە بەفەرمی وەك بەشێك لە خاکی عوسمانی ناسێنرا. بڕوانە ناوەڕۆکی پرۆتۆلەکە لە: عبدالعزيز سليمان نوار، تأريخ الشعوب الاسلامية، مصر(بدون تأريخ طبع)، ص ص٦١٥-٦٢٤.

٣٠- بڕوانە: خورشيد باشا، المصدر السابق، ص ٢٨٤

٣١-ئەگەرچی هەندێ ڕاوبۆچوون سەرەتاکانی دەرکەوتنی میرایەتی بابان دەگێڕنەوە بۆ سەدەکانی چواردەیەم و پانزەیەم، بەلاّم مێژووی دەرکەوتنی بابانەکان وەك بنەماڵەیەك پەلهاوێشتوو کاریگەر لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی شانزەهەم. بۆ زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: سعدى عثمان هروتي، ظهور الامارة البابانية (دراسة تحليلية حول تاسيس الامارة و اصل البابانيين، مجلة ژين، (العدد ٣، تشرين الثانى ٢٠١١)، ص ص ٢٧٩-٢٨٣.

٣٢-بشير سعيد اسكندر، قيام النظام الاماراتى فى كردستان و سقوطة مابين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر ، ط٢، السليمانية، ٢٠٠٨، ص ١١٧.

٣٣-هەڵبەتە نموونەکان لە بارەی ئەم جۆرە سوودوەرگرتنانەوە زۆرن، بۆ وێنە لە فەرمانێکی عەباس میرزای ئێراندا کە لە ساڵی (١٨٢٧ز) بۆ مەحمود پاشای بابانی ناردووە (بەگوێرەی ڕێکەوتنی ئەرزەڕۆمی یەکەم(١٨٢٣ز) دەبوو ئێران دەست لەناوچەی سلێمانی هەڵبگرێت و پێوەندی لەگەڵ میرانی بابان نەمێنێ) دەردەکەوێت لەشکرو سوارەی ئەم ناوچە لە جەنگی ئێرانی ڕووسی (١٨٢٦-١٨٢٨)دا لە بەرژەوەندی ئێران بەشداربوون و وەك لەنامەکەدا ڕووندەبێتەوە عەباس میرزا داوای جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنە دەکات کە مەحموود پاشا داوێتی بۆ ناردنی سوارەی زیاتر بۆ بەرەکانی جەنگەکە. بڕوانە ناوەڕۆکی نامەکە لە میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧)، ل ل١١٣-١١٤.

٣٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی سێیەم، بەرگی یەکەم، بەیروت، ٢١١٤، ل٤٨.

٣٥- نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو،ل ل١١٤-١١٧

٣٦-بڕوانە نامەکەی فەتح عەلی شا بۆ عەباس میرزا و نامەکەی ئەمەی دواییان بۆ محەمەد ئەمین ڕەئوف پاشا-والی ئەرزەڕۆم. لە میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧)، ل ل ٩٩-١٠٤.

٣٧- هەمان سەرچاوە، ل١٣٤

٣٨-اصغر جعفرى ولدانى، بررسى تاريخى اختلافات مرزى ايران و عراق، تهران، ١٣٧٦، ص٣٦.

٣٩- نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٣-١٢٤ .

٤٠- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص٨٤-٨٥.

٤١- جميل موسى النجار، معاهدة ارضروم الثانية بين الدولة العثمانية و ايران(دراسة لعلاقات الدولتين خلال حقبة تبلور المعاهدة ١٨٤٣-١٨٤٨)، مجلة جامعة كركوك، العدد ٢، المجلد(٦)، السنة السادسة، ٢٠١١، ص٧. هەردوو هەرێمی ڕوان(یەریڤان)و نەخجوان سەر بە ئێران بوون، لە پاش شکستی لە شەڕی ساڵی (١٨٢٦-١٨٢٨ز)، لە بەرامبەر ڕوسیاو و سەپاندنی پەیماننامەی تورکمانچای (٢٢ی شوباتی ساڵی ١٨٢٨)دا ڕووسەکان دەستیان بەسەرداگرت. بۆ زیاتر بڕوانە: كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ط١، بغداد، ١٩٨٥، ص ص ٦٥-٧٣.

٤٢- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص٨٥.

٤٣- قەرەقۆینلۆ و ئاق قۆینلۆ: دوو عەشیرەتی تورکمانن و لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەهەم لە تورکستانەوە ڕوویان لە هەرێمی ئازربایجان کردووە. قەرەقۆینلۆ لە نێوان ساڵانی (١٣٩٠-١٤٧٣ز)دا حوکمڕانی ناوچەکانی ئازربایجان و ئێران و کوردستان و عێراقی عەرەبی کردووە. ئاق قۆینلۆ –یش لەنێوان ساڵانی (١٤٧٣-١٥٠٢ز) حوکمڕانی ناوچەکانی ئێران و ئازربایجان و کوردستان و عێراقی عەرەبی کردووە. بۆ زیاتر بڕوانە: توفيق نجفلو، قاراقوينلوها و ئاغ قويونلوها، ترجمه: پرويز زارع شامرسى، چ١، تبريز، ١٣٩٠، ل ل ٥٢-٧٤.

٤٤- عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص٨٥-٨٦.

٤٥- اصغر جعفرى ولدانى، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٦-٣٧.

٤٦- محەممرە: ناوچەی محەممەرە-ش چەشنی زەهاو سلێمانی ناوچەیەکی جێناکۆك بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، پاشکۆیەتییەکەی لە دانوستاندنەکانی ئەرزەڕۆم دا گفتوگۆی گەرمی لەبارەوە کراوە. بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەی کیشەی ئەم ناوچەیە بڕوانە: عبدالعزيز سليمان نوار، المصدر السابق، ص ص ٥١-٧٣.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤٧- منوچهر پارادۆست، سەرچاوەی پێشوو،ص ص٦٧-٦٨.

٤٨-بۆ زیاتر بڕوانە: سینان هاکان، کورد و بەرخوردانەکانی، (١٨١٧-١٨٦٧ز ) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و: بەکر شوانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل ل٥٣-٥٨.

٤٩-احمد عثمان ابوبکر، الاثار الکاملة، ج١، السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص ٢٥.

٥٠- بڕوانە:جابر ابراهیم الراوی، الحدود الدولیة و مشکلة الحدود العراقیة الایرانییة، بغداد، ١٩٧٠، ص٢٣٤-٢٣٥.

٥١- جمیل موسی النجار، المصدر السابق، ص ص ٤-٥.

٥٢- ج. ج. لوریمر، المصدر السابق، ص ٢٠٣١.

٥٣- عبدالعزیز سلیمان نوار، المصدر السابق، ص ص ٨٦-٨٧.

٥٤-نفس المصدر، ص٨٧.

٥٥- سینان هاکان، ل ل٥٣-٥٤.

٥٦- نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٠٠-١٠١.

٥٧-بڕوانە ماددەی سێەمی پەیماننامەکە لە: نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

٥٨- بڕوانە دەقی نامەکە لە: میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران، ل ل١٠٢-١٠٦.

٥٩-تقی محمد امامی خویی و نیلوفر جفرودی، روابط سیاسی ایران و عثمانی از ١٢١٢ تا ١٢٦٥ ه ق، (فصلنامەی مسکویه سال ٧ شمارەی ٢٢ پایز ١٣٩١)، ص١٦.

٦٠-لەبەر ڕۆشنایی فەرمانێکی "فەتح عەلی شا"دا، عەباس میرزاش نامەیەك دەنێرێت بۆ "محەمەد ڕەئووف پاشا"ی والی ئەرزەڕۆم، تیایدا داوای کردووە: وەك چۆن ئێران دەستی هەڵگرتووە لە داواکردنەوەی عەشیرەتەکانی حەیدەرانلۆ و سیپەکی، دەوڵەتی عوسمانیش دەست لە داواکردنەوەی بابانەکان-واتا ناوچەی سلێمانی هەڵبگرێت. بڕوانە هەمان سەرچاوە، ل ل١٠٢-١٠٦.

٦١- خورشید باشا، المصدر السابق، ص ص ٤٠٥-٤٠٦.

٦٢-عبدالعزیز سلیمان نوار، المصدر السابق، ص ص ٨٧-٨٨

٦٣-: خورشید باشا، المصدر السابق، ص ص ٤٠١-٤٠٢.

٦٤- التقریر الذی تفضل بتقدیمه صاحب السعادة المغفور له درویش باشا الذی عین لتحدید الحدود الایرانیة العثمانیة، المصدر السابق، ص ٧٨.

٦٥-سینان هاکان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣

٦٤- بڕوانە: التقریر الذی تفضل بتقدیمة صاحب السعادة المغفور لة درویش باشا الذی عین لتحدید الحدود الایرانیة العثمانیة، المصدر السابق، ص ص ٣٠-٣٣

٦٧-بڕوانە:، ج. ج. لوریمر، المصدر السابق، ص ٢٠٣٢.

٦٨-بنولام: عەشیرەتێکی عەرەبی بنچینە یەمەن-ین، کۆچیان کردووە بۆ دەوروبەری مەدینەو نەجد لە سعودییە، لە کۆتاییەکانی سەدەی پانزەی زاینیشدا وردە وردە شۆڕبوونەتەوە بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق. بنۆڕە: عباس العزاوی، عشائر العراق، ج٣، مکتبە الصفا و المروە، لندن(د.ت)، ص٢١٠.

٦٩- التقریر الذی تفضل بتقدیمه صاحب السعادة المغفور له درویش باشا الذی عین لتحدید الحدود الایرانیة العثمانیة، المصدر السابق ص ص١٠-١١.

٧٠-نفس المصدر، ص ص٣٨-٤٧.

٧١- لوریمر، ج.ج، المصدر السابق، ص ص ٢٠٣٢-٢٠٣٣.

٧٢-نەجاتی عەبدوڵلا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

٧٣- لیژنەی هاوبەش بریتیبوون لە: میرزا جەعفەر خان نوێنەری ئێرانی، دەرویش پاشا نوێنەری عوسمانی، کۆلۆنێل ولیامز نوێنەری بەریتانی، کۆلۆنێل چریکۆف نوێنەری ڕوسیی. ئەرکی لیژنەکە بریتیبوو لە دیاریکردنی سنوور لەنێوان هەردوو دەوڵەتی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

عوسمانی ئێرانی لە شط العرب-وە تا ئارارات لە باکووری کوردستان. بڕیاربوو سەرجەم ئەندامانی لیژنەکە لە شاری بەغداد یەکببینن و لەوێوە کارەکانیان دەستپێکەن. ئەم لیژنەیە کە لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٥٢ز) کارەکانی کۆتایی هات کە نزیکەی چوار ساڵی خایاند. زانیاری و ڕاپۆرتی ئەندامانی ئەم لیژنە چەندین زانیاری وردو ڕاپۆرتی گرنگی لەبارەی ئەو ناوچە سنووریانە تیایە کە سەردانیان کردووە، لەوانە "**ڕاپۆرتی دەرویش پاشا**" کە سەرۆکی لیژنەی عوسمانی، و کتێبی "**سیاحەتنامە حدود**"ی محەممەد خورشید پاشا-ی یاوەری، هەروەها "**سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف**"ی سەرۆکی دەستەی ڕووسیی، کە ستافەکەی پێکهاتبوو لە(٤١) سوارەی ئەفسەرو ئەندازیارو زەوی ناس و ٢٢)خزمەتگوزار. ئەو ڕاپۆرت و زانیارانە ئەمڕۆ سەرچاوەی زۆر گرینگ و ڕەسەنن بۆ نوسینەوەی مێژووی سەدەی نۆزدەهەمی ئێمە. کە خۆشبەختانە ئێمە لەچەندین شوێنی ئەم باسەدا سوودمان لێوەرگرتوون. بۆ زیاتر بڕوانە: لوريمر، ج.ج، المصدر السابق، ص ص ٢٠٣٤-٢٠٣٨. گیلان، کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل ل ٦٩-٧١. ب.م. دانتسغ، الرحالة الروس فی الشرق الاوسط، ت، معروف خزندار، بغداد، ١٩٨١، ص ص٢٦٩-٢٧٥.

٧٤-بۆ ناوڕۆکی خاڵی هەشتەم و تەواوی خاڵەکانی پەیماننامەکە بڕوانە: منوچهر پارادوست، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٦٧. نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٣٠-٢٣٢.


## لیستی سەرچاوەکان:

### بەڵگەنامە بلاوکراوەکان

#### -بەزمانی عەرەبی

- خورشيد باشا، رحلة الحدود بين الدولة العثمانية و ايران، ت.مصطفى زهران، ط١، مصر، ٢٠٠٩.

-درويش باشا، -التقرير الذى تفضل بتقديمة صاحب السعادة المغفور له درويش باشا الذى عين لتحديد الحدود الايرانية العثمانية، بغداد، مطبعة الحكومة، ت.وزارة الخارجية العراقية، بغداد، ١٩٥٣.

#### —بەزمانی کوردی

-سینان هاکان، کورد و بەرخوردانەکانی،(١٨١٧-١٨٦٧ز ) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، و: بەکر شوانی، هەولێر، ٢٠١٢.

—میرنشینی ئەردەڵان-بابان-سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا (١٧٩٩-١٨٤٧)، ئامادەو وەرگێڕانی محەمەد حەمە باقی، چ١، هەولێر، ٢٠٠.

#### -کتێبەکان بەزمانی کوردی

—ڤلادیمێر مینۆرسکی، بنچینەکانی کورد و چەند وتارێکی کوردناسی، و. نەجاتی عەبدوڵا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-گیلان، کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی، و. نەجاتی عەبدوڵڵا، چ١، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل ل ٦٩-٧١. ب.م. دانتسغ، الرحالة الروس فی الشرق الاوسط، ت، معروف خزندار، بغداد، ١٩٨١.

- کۆنت دۆسێری، گەشتی کۆنت دۆسێری بۆ کوردستان،(١٨٣٩-١٨٤٠)، و: کارزان محەمەد، سلێمانی، ٢٠١٣.

-مەیجەر سۆن، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، و. مینە، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.

-مسیۆ چریکۆف، سیاحەتنامەی مسیۆ چریکۆف، کۆکراوەی: عەلی عومران، و. سەلاح نیساری، هەولێر، ٢٠١٣.

-نەجاتی عەبدوڵا، کوردستان و کێشەی سنووری ئێرانی-عوسمانی(١٦٣٩-١٨٤٧ز)، چ٢، هەولێر ٢٠١٥.

- نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی سێیەم، بەرگی یەکەم، بەیروت. ٢٠١٦.

#### -کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:

-احمد عثمان ابوبكر، الاثار الكاملة، ج١، السليمانية، ٢٠٠٩.

- بشير سعيد اسكندر، قيام النظام الاماراتى فى كردستان و سقوطة مابين منتصف القرن العاشر و منتصف القرن التاسع عشر ، ط٢، السليمانية، ٢٠٠٨.

- جابر ابراهيم الراوى، الحدود الدولية و مشكلة الحدود العراقية الايرانيية، بغداد، ١٩٧٠.

-ج. ج. لوريمر، دليل الخليج، القسم التاريخى، ج٤، قسم الترجمة بمكتب امير دولة قطر، مطابع على بن على، الدوحة (د.ت).

—جيمس بيكنغهام، رحلتى الى العراق، ت. سليم طه التكريتى، ج٢، بغداد، ١٩٦٩.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

-سی. جی. ادموندز، کرد و ترك و عرب، ت: جرجيش فتح الله، بغداد، ١٩٧٣.

-عبدالعزيز سليمان نوار، العلاقات العراقية الايرانية دراسة فى دبلوماسية المؤتمرات. مؤتمر ارضروم ١٨٤٣-١٨٤٤، دار الفكر العربى، ١٩٧٤.

-عبدالعزيز سليمان نوار، تأريخ الشعوب الاسلامية، مصر(بدون تأريخ و مكان طبع).

-عباس العزاوى، عشائر العراق، ج٣، مكتبه الصفا و المروه، لندن(د.ت).

- علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني(١٦٣٨-١٧٥٠)، دراسة في احواله السياسية، ط١، بغداد، ١٩٨٥.

- -فاضل بيات، الدولة العثمانية فى المجال العربى، دراسة تاريخية فى الاوضاع الادارية فى ضوء الوثائق و المصادر العثمانية حصرا(مطلع العهد العثمانى –اواسط القرن التاسع عشر)، ط١، بيروت، ٢٠٠٧.

–فاضل بيات، دراسات في تاريخ العرب في العهد العثماني (رؤية جديدة في ضوء الوثائق و المصادر العثمانية، دار المدار الاسلامى، ط١، ليبيا، ٢٠٠٣.

-كمال مظهر احمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، ط١، بغداد، ١٩٨٥.

–محمد بن احمد الحسينى المنشى البغدادى، رحلة المنشى البغدادى الى العراق، ت. عباس العزاوى، بغداد، ٢٠٠٨.

## -کتێبەکان بەزمانی فارسی

-اصغر جعفرى ولدانى، بررسى تاريخى اختلافات مرزى ايران و عراق، تهران، ١٣٧٦.

–توفيق نجفلو، قاراقوينلوها و ئاغ قويونلوها، ترجمه: پرويز زارع شامرسى، چ١، تبريز، ١٣٩٠.

- منوچهر پارادۆست، زمينەهای تاريخى اختلافات ايران و عراق (١٥١٤-١٩٨٠)، چاپ ٢، تهران، ١٣٦٥.

## -گۆڤارەکان

–هنری ڕاولنسن، سەرجەمی ئەو پەیماننامانەی بەندن بە کێشەی نێوان تورك و فارس، و. نەزەند بەگی خانی، (گۆڤاری کاروان- خوولی ڕاپەڕین، ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٤).

–سعدى عثمان هروتي، ظهور الامارة البابانية (دراسة تحليلية حول تاسيس الامارة و اصل البابانيين، مجلة ژين، (العدد ٣، تشرين الثانى ٢٠١١).

- جميل موسى النجار، معاهدة ارضروم الثانية بين الدولة العثمانية و ايران(دراسة لعلاقات الدولتين خلال حقبة تبلور المعاهدة ١٨٤٣-١٨٤٨)، مجلة جامعة كركوك، العدد ٢، المجلد(٦)، السنة السادسة، ٢٠١١.

-تقى محمد امامى خويى و نيلوفر جفرودى، روابط سياسى ايران و عثمانى از ١٢١٢ تا ١٢٦٥ ه ق، (فصلنامەی مسكويه سال ٧ شمارەی ٢٢ پاييز ١٣٩١).



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## الملخص باللغة

## قضية تبعية مناطق زهاب والسليمانية و العشائر الكوردية

## في محادثات و مقررات معاهدة أرضروم الثانية(١٨٤٣-١٨٤٧م)

مع ظهور كل من الدولة العثمانية و الايرانية في بدايات القرن السادس عشر ومابعدها، أصبحت المناطق ألكردية و ألعشائر ألعديدة في كوردستان و ألواقعة بين الدولتين الكبيرتين المتخاصمتين، جزءاً من المشاكل و ألصراعات الحدودية مابين هاتين ألدولتين، وفي نفس الوقت شكلت تلك المناطق و ألعشائر النقاط الرئيسية لجميع معاهداتهما السلمية. ومن هنا فأن القسم الاكبر من محادثات المعاهدات ألسلمية بين الدولتين و النقاط الواردة فيها خصصت لكيفية أقتطاع و الحاق المناطق والعشائر الكردية، وعلى وجه التحديد محادثات معاهدة أرضروم ألثانية سنة(١٨٤٧م).

تحاول هذة الدراسة تسليط الضوء على قضية تبعية مناطق زهاب و السليمانية و بعض العشائر الكوردية في حوارات و مقررات معاهدة ارضروم الثانية، التي دارت ما بين سنوات (١٨٤٣-١٨٤٧م)، بوساطة كل من الامبراطوريتين البريطانية و الروسية، وفيها نوقشت بشكل مفصل و دقيق مسألة (حق تبعية) المناطق و ألعشائر الكوردية لكل من ألدولتين ألعثمانية و الايرانية، إذ حاولت ممثلي كلا ألجانبين على قدم و ساق، أثبات و اقرار سيطرة دولهم على مناطق و عشائر، لم يكن في الاصل لاي منهم ألحق عليه.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

# abstract

## The Condition of the Subordination of Areas of Zahaw, Sulaimaniah, and Kurdish Tribes in the Negotiations and Decisions of the 2nd Arzarum Conference

## (1847-1843)

With the appearance of both Ottoman and Iranian states in the sixteenth century and after, the Kurdish tribes and their regions became a main part of the conflicts and struggles between the two states , they also were the important agendas in their treaties that led to specialize those sorts of negotiations to re-distribute the Kurdish areas, and more specifically the second Arzarum treaty in 1847.

This study tries to shed lights on the conditions of the Kurdish areas in zahaw, sulaimaniah, and other places in the treaty of Arzarum during the years (1843-1847). The negotiations went on seriously concerning the right of having authority upon those indexed (affiliated) Kurdish areas between Ottoman and Iranian states by the attending and witnessing of both British and Russian empires. The both sides challenged harshly, and each one of them presented lots of evidences so they might prove their being pioneer to rule those areas in a time that none of them had the right to.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)